ژیانەوە – یەکەم ڕۆژنامەی ووڵاتی کوردی 1924_1926 و بڵاوکەرەوەی " عێراقچیەتی "

سەلام ناوخۆش

دەروازە

لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا ئاماژە بە ڕۆژنامەی " کوردستان " دەکرێت ، کە ڕۆژنامەی ئۆپۆزسیونی کوردیە کە لە دەرەوەی کوردستان دەرکراوە ، هەروەها ئاماژە بە ڕۆژنامەی " پێشکەوتن " دەکرێت ، کە یەکەم ڕۆژنامەی کوردیە لە کوردستان دەرچوو بێت . ئەو هەموو " یەکەم"-ە پانتاییەکی فراوان لە ڕۆژنامەگەری کوردی دەگرێت . لەم کورتە وتارەدا دەمەوێ ڕۆناکی بخەمە سەر یەکەم ڕۆژنامەی ووڵاتی کوردی لە شاری کوردی ، بنکەی بەرخوردانی سەدەی بیستەم .

ناساندنی ڕۆژنامەی " ژیانەوە "

ڕۆژنامەی " ژیانەوە " لە پاش ڕۆژنامەی " تێگەیشتنی ڕاستی " و " پێشکەوتن" ، ئینگلیز یەکەم ڕۆژنامەی خۆی بە قەڵەمی کوردی دەرکرد .جەباری 1970،ل86_87 دەربارەی ڕۆژنامەی ژیانەوە دەنووسێت : " ڕۆژنامەیەکی وڵاتپارێزی هەفتانەی کوردی بووە ، کاربەدەستانی میری لە 18 \ 8 \ 1924 لە سلێمانی دەریان دەکرد ، هەر لە ژمارە یەکەوە ناونیشانە مایەوە هەتا ڕۆژی 14 \ 1\ 1926 پەنجا و شەش ژمارەی لێ دەرچوو . عومەر 2001 ، ل121 لە ماستەرنامەکەیدا ئاماژە بە لەرزۆکی شوناسی ئەو تەنە نامۆیە لە شاری سلێمانی دەکات ، کە هەتا درەنگانێك نەیتوانیوە لە سەر پێناسەیەك ، لێگەیەك لەنگەر بگرێت : لە ژمارە یەك ئەم دەستەواژەیە نووسرا بوو : ئەم غەزەتەیە غەزەتەیەکی حکومەتییە هەفتەی جارێك دەردەچێت ، کەچی لە ژمارە شازدە و حەڤدە بووە :ئەم غەزەتە یە غەزەتەیەکی حکومەتییە و هەفتەی دوو جار دەردەچێ . لە ژمارە هەژدە ئەو دەستەواژەیە گۆڕا بوو بە ئەم غەزەتەیە غەزەتەیەکی سیاسی ، ئەدەبی ئیجتیماعییە ، هەفتەی دوو جار دەردەچێت . لە پاشان لە ژمارە 20 هەتا 56 ، کە دواین ژمارەیە بەو ناوە ، ژیانەوە ، دەستەواژەکە بووە :ئەم غەزەتەیە غەزەتەیەکی سیاسی ، ئەدەبی ، ئیجتماعییە هەفتەی یەك جار

دەردەچێ.”

بە پێچەوانەی عورفی ڕۆژنامەنووسی ڕۆژنامەی ژیانەوە ناوی سەرنووسەر لە سەر نەبوو ، بەڵام لە ژمارە 37ەوە دەردەکەوێت ، کە جەمیل صائیب ، دوژمنی سەرسەختی شێخ مەحموود و نووسەری نزیکی لە خەوما سەرنووسەری بووە . ئەو نوقڵەتە ، کە دژ بە ئایدیاڵیزمی هزری و سیاسی شێخ مەحموود بوو ، لە ژمارە 28 هەتا دوا ژمارەی ژیانەوە بە زنجیرە لەوێی باوکردەوە هەروەها بەشەکانی تری لە ڕۆژنامەی ژیان ، جگرەوەی ڕۆژنامەی ژیانەوە ، باوکردەوە.
ئەوەی جگەی سەیر و تەماشانە ، ڕۆژنامەی ژیانەوە تەنها مانگێک دوای ڕۆژنامەی ئومێدی ئیستقلال دەرچوو ، ڕۆژنامەکە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بوو بە زمانی کوردی قسە و جوێنی بە شەرشی کوردی ئەوسا دەدا ، هەروەها لەمە خەتەرناکتر یەکەم ڕۆژنامە بوو باسی لە عێراقیبوون و کوژاندنەوەی سەربەخۆیی دەکرد ، بە دیدی یەکێ لەو نووسەرە کوردە عێراقچیانە ، ڕۆژنامەی ژیانەوە سەرەتای قۆناغێکی نوێ بوو ، عومەر ، ل118 !

کەواتە ڕۆژنامەی ڕۆژنامەی ژیانەوە چ وەک ئایدیاڵیزمی هزری یا سیاسی تەواو دژ بە شێخ مەحمود بوون.
ئینگلیز و ڕۆژنامەی ژیانەوە
کەس گومانی لەوەدا نیە بزاڤەکەی شێخ مەحموود نیمچە بنەماڵەیی و دەرەبەگی بوو . زۆر گرینگیش بوو چاوێکی هەخنەیی بێ هەوشەکە هەبێت بێ ئەوەی تەنیا لە نوخبەیەک قەتیس نەبێت . بەڵام وەک مەسعود موحەمەد وتەنی خودی فیودالی وەک سیستەم لە نێو کورددا نەبووە ، هەندێ نوخبەی منەوەر لە وردە بۆرژوای کورد چەندەهای بنەماڵەی ناوزەدکراو بە دەرەبەگ یا مەلاك و زەویدار ، هەندێ لەوانە ژیانی خۆیان کردێتە قوربانی ” کوردایەتی ” کەچی زۆر وردە بۆرژوا و منەوەری کورد ژیانی خۆی کردێتە قوربانی ” عێراقچیەتی ” بە نیازی ئەوەی سەنترالیزم ، لیبرالیزم یان سۆشیالیزمی بێ بە بەرهەم دێنێ .

ئینگلیز خۆی لەو وردە بۆرژوا و منەوەرە کوردە دەگەڵا ، هەر بۆیە جەمیل صائب هەر چەند هەفتەیەک دوای کەوتنی سلێمانی ، کەرکوکی بەجێهێشت و گەڕایەوە سلێمانی ، هەر مانگێک دواتر ڕۆژنامەی ژیانەوەی دەرکرد (عومەر 2001 ، ل162).

ئینگلیز دەرکی بەوە کرد ، کە بە ڕۆژنامەی وەک تگەیشتنی ڕاستی و پێشکەوتن ئامانجی خۆی لە سلێمانی ناپێکێت ، بۆیە بیری لەوە

کردەوە کە بە " منەوەر"ی کورد لە نوێنەری سیاسی کورد بدات . تێ سەیر بکە تەنها یەك مانگ لە نێوان کەوتنی " ئومێدی ئیستقلال " و " ژیانەوە " هەیە . جەباری 1970 ، ل86 هەروەها خەزنەدار و زەنگەنە 2011 ،ل 39 دەنووسن : پاش داگیرکردنی شاری سلێمانی لە مانگی تەمووزی 1924 ، ڕۆژنامەی " ئومێدی ئیستقلال " پەکی کەوت و ڕۆژنامەگەریی سیاسی لە کوردستانی باشوور لە بەر چاوان نەما و بزر بوو…"
ڕاستە ڕۆژنامەی ئومێدی ئیستقلال زمان حالی حکومەتی شێخ مەحمود بوو ، سەرنووسەری نوێی ڕۆژنامەکە ، حسێن نازم ، هەم وشەی " سیاسی" لە سەر ڕۆژنامەکە لابرد ، هەمیش لە ژمارە چواردەوە ویستویەتی خێی لە گێچەلی سیاسەت دوور بگری ، وەك لە نووسینەکەی ژمارە چواردە دا هاتووە : " تەعەروزی سیاسات ناکەم مەباحیس و مەقالاتێك کە لزومی بێ بێ سیاسەت و سەلامەتی مەملەکەت قبوول و دەرجی ناکەم !"
سیاسەتی ئینگلیز ئەوە بوو شتێك نەبێ بە ناوی " حوکومەتی کوردی "ەوە ، بەکو سلێمانی وەك شارەکانی دی کوردی ببێتە بەشێك لە دەوڵەتی عێراق ، با بزانین ڕۆژنامەی ژیانەوە چۆن ئەو سیاسەتەی ئینگلیزی بە زۆربەی منەوەری کوردی لە کوردستان بەرجەستە کرد.

ئەو ڕۆژنامەیە، سەرەتای مێتەکەی لکاندنی باشووری کوردستانی بە عێراق لێکەوتەوە، بە جۆرێك وەك خەزنەدار و زەنگەنە دەنووسن : بە کەوتنی ئومێدی ئیستقلال و دەرچوونی ژیانەوە : ڕۆژنامەگەریی سیاسی لە کوردستانی باشوور لە بەر چاوان نەما و بزر بوو " هەروەها جارێکی تر ئینگلیز و عێراق بە درێژ ئاماژەیان بە دەوڵەتی کوردی نەکرد.
لە مەسەلەی لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقدا زۆربەی نووسەری کورد ئینگلیز خەتابار دەکەن ، بە دەگمەن ئاماژە بەوە دەکەن کە بەشێك لە منەوەری کورد ئامرازی ئەو سیاسەتەی ئینگلیز بوون .

ئەمین (2002 ، لە ل344) کتێبی ژیان ، بە تەمەنترین ڕۆژنامەی کوردی ، دەنووسێت : هێی بێاوبوونەوەی ئەم غەزەتەیە ئینگلیز دەیویست بە کورد بڵێت : ئەوە تازە بەشێك دەبن لە عیراق و دەبنە هاوڵاتی عیراقی.
گەرچی ئەو ڕۆژنامەیە هەندێ داهێنانی لە ئەلفبێی کوردی کرد ، بەوەی نیگاری بێ دەنگی کوردی کوردی پێشنیار کرد ، لەوانە :

- پیتی (ژ) لە ژیانەوە.
- پیتی (چ) لە چاپخانەوە، چاوپیکەوتن ، چاوبکەنەوە.

- پیتی (پ) له پی و قدم ، پارچه پارچه..هتد (ناوخ‌ش 2019 ، ل30)
- ئەو خزمەتە زمانەوانییە هەر بۆ خۆ لە چاوی خەڵك كردن بوو ، ئەگەرنا وتارەكانی هەر بۆ ناشرینكردنی ئەزموونەكەی شێخ مەحموود بوو . ئەمین(2002،ل358-359)چەند وێنەیەك لە نووسینەكانی ژمارە:(سێ و پێنج وبیستویەك…هتد دەربارەی ناشیرینكردنی شێخ دەهێنێتەوە :
- اخو امجارەش لە پاش ئەمانەش چاو ناكینەوە؟
- مودەتیك بو شێخ مەحمود و جەردەكانی مەعییەتی لە تەعجیزاتی بەعزی فقیر و فوقەرا.
- حیشمەتئاب مەلیكە دروزنە.

ئەو قسانە نوێ بوون لە كەمەگای كوردی ، بەوەی بیركەی " ەخنەی شرۆڤەی ئاخاوتن" ئەوها بەر قەرار بكرێ ، بەرژەوەندی سیاسی وا بكات زمانیش بە سیاسی بكرێت ."

جەباری 1970 ، ل86 دەربارەی ئامانجی ڕۆژنامەكە دەنووسێت :" ڕۆژنامەی ژیانەوە بێ سود و تەلەكەبازی ئینگلیز لە لایەن چەند كەسێكی بەكرێگیراو ەوە سەرپەرشتی دەكراو وتاری تێدا دەنووسرا ." عبدالرەقیب یوسفی شوێنەوارناس پاش زیاتر لە سی ساڵ لە قسەكەی جەباری

لة ل36ی كتێبي(بةلَطةنامةكاني حكومةتي شێَخ مةحمود) باس لةوة دةكات كة ثاش حكومةتةكاني شێَخ مةحمود 1918 و 1922-1924 هةلَوةشانةوة زؤربةی منةوةری كوردي لة شێَخ كةوتنة تةقة ، بؤ نموونة رؤذنامةی(ذیان)، كة شارةواني سلێَماني سالَ و نیوێَك زیاتر لةو سةردةمة بةدواوة و لة سایةی حوكمي ثاشایةتي عێَراقدا دةریكردووة، بة ناهةق كةوتووةتة ناوزراندني شێَخ و حكوومةتةكةی…"

جگە لە جەمیل صائیب ، نووسەرانی نەیاری شێخ لەو ڕۆژنامە كێبوونەوە ، هەندێك بە نازناو هەندێكی تر بەناوی خۆیان شیعر و نووسینیان بۆاوكردەوە ، لەوانە ئەحمەد موختار بەگی جاف ، فائق بێكەس ، مەحمود جەودەت ، ئەحمەد تۆفیق…هتد (عومەر 2001 ، ل121_122)

هۆكارەكانی دروستبوونی عێراقچیەتی

هەر لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە قسە لە سەر بیركەی عێراقچیەتی كراوە ، هەر لە قۆناغێكدا هۆكارێك بە هۆكار زانراوە بۆ ئەو بیركە نەزكە :

هۆكاری ئابووری

ئابووری شادەماری ئیستقراری وڵاتە . لە وڵاتدا دوو چین هەن

زۆر جێگای متمانەی سیاسی نین ، ئەوانیش چینی سەرەوە و وردە بۆرژوای سیاسین کەمەگا . پیاو ماقوول و ئەشراف خاوەن پاپشتیەکی ئابوورین ، بەرژەوەندی خۆیان لە ئیستقراری سیاسی دەبیننەوە . هەفیق حیلمی لە یاداشتەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوانەی باوەڕیان بە عێراقچیەتی هەبوو ، ئەشراف و مەلاك و توجارەکان بوون . لە ئەنجامدا پاش لکاندنی کوردستان بە عێراق ئەشرافی بێ وەتەن ، عەوامی مەفتوونی وەتەن دروست بوو .

پاش شەشی هەشی ئەیلول ی بەر دەرگای سەرا چەندان شاعیری وەك پێرەمێرد و حەمدی و بێکەس ، گۆران …هتد بە شیعر وەجواب هاتن ، بەڕام نایب و ئەشراف و مەلاکی کورد بەرەو بەغدا بەڕێکەوتن .

هۆکاری نەوت

زۆر قسە لە سەر ئەوە کراوە ، کە هەبوونی نەوت لە کەرکوك هۆکار بووە بۆ ئەوەی ئینگلیز کوردستان بە عێراق بکۆنێت .

هۆکاری مەزهەبی

سەبارەت بە عەرەبی عێراق ، زۆربە شیعە مەزهەبە ، جا بۆ ئەوەی ئینگلیزی پارسەنگی سوننە لە عێراق بپارێزێت ، کوردستانی بە عێراقەوە لکاند، کە زۆربە سوننە مەزهەبن .

ئەو سێ هۆکارە زۆر قسەی لە سەر کراوە بە جۆرێك کتێبکی مێژوویی کورد نییە ئاماژەی بەو هۆکارانە نەکرد بێت .

هۆکاری منەوەربوون ، هۆکارێکی کوردییە بۆ خۆ بە ستنەوە بە عێراق . هەفیق حیلمی لە بەشی یەکەمی یاداشت دەنووسێت :

منەوەر لای عەوامی خەڵك بۆ دینەکان بوون . ئەشراف و نایبی کوردیش لای پیرەمێردی شاعیر " هەرزە وەکیلی شاری خامۆشان " بوون .

فائق بێکەس دەربارەی منەوەر و ئەشرافی کوردی دەڵێت :

منەوەر زۆری هەر لەبەر نانی وەتەن ئەفرۆشێ بە یەك تارانی
ئەخاتە ژێر پێ دین و ئیمانی کاکە خوا ئیشی نابەجێ ناکا
.....

ئەشرافمان هەموو بێ ڕۆح و سستن دەخیلە پشتیان هیچ پێ مەبەستن

هەموو ناکۆك و پارە پەرستن….دیوانی بێکەس ، ل49

قۆبەسەریەکەی کورد لەوەدا بوو ، زۆربەی نووسەرەکانی مەست بوون ، نایبەکانیشی وەات فرۆش و پارەپەرست …ئەو دوو دیاردەیە بە درێژی لە یاداشتی هەفیق حیلمی و بیرەوەریەکانی هاوار تۆمار کراون (، هاوار ، ل260 ، حەسەنپوور ، ل169).

ڕۆژنامەی ژیانەوە شتە نهێنیەکانی نایب و نووسەری وەفات فرەشی بۆ عەوام ئاشکرا کرد . زۆر بە ڕاشکاوی لە مەملکەتەکەی شێخ بانگەشەی عێراقچیەتی بە گوێی هەموواندا .

جگە لە خودی ڕۆژنامەکە وئەو نووسەرانەی لە ڕۆژنامەی ژیانەوە لە شێخ مەحموود کەوتنە تەقە ، لێرەدا دەمانەوێ ئاماژە بە هەژموونی گوتاری ژیانەوە بکەین لە سەر چەند منەوەرێکی کورد لە دەرەوەی ژیانەوە .

یەکەم . تۆفیق وەهبی

زمانزانێکی دەستە ئینگلیز بوو ، زۆر لە شێخ دوور نەبوو ، بەڵام ئایدیۆلۆژیاکەی دوور بوو لە شێخ نزیك بوو لە ئینگلیز ، بۆیە ئینگلیز کردیە موتەسەریفی سلێمانی هەروەها مەعاریفی عێراقی داوای لێکرد شتێك ئامادە بکات لە سەر ڕۆژنامەی زمان و دەستوری زمانی کوردی (حەسەنپوور 2015 ، ل162) ئینگلیز منەوەرێکی دەویست بۆ ئینگلیز کار بکات ، نەك بۆ دژ و زمانی کوردی ، بۆیە وەك خۆی بۆ حەسەنپوور دەگێڕێتەوە :" پاش ئەوەی بەینمان لەگەڵ ساطع الحصری لە وەزارەتی مەعاریف تێکچوو ، مەلایەکی بە ناوی صدقی کابان بانگ کرد و دوو صەد ڕووپیەیان دایێ ، کابانیش شتێکی نووسی بەناوی موختەصەری صەرف و نەحوی کوردی ." موتەعەهیدی حکوومەتیان بە لا نا . لەوە زیاتر بە حوکمی ئەوەی تۆفیق وەهبی وەك موتەسەریفێکی سلێمانی سکاڵا و عەریزەیەکی لە ڕۆژنامەی سڕماڵی بۆ ناوکردێتەوە ، جگە لەوەی لە موتەصەریفی وەدەریان ناوە هەروەها مەجبور کرا لە سلێمانی نەمێنێ و لە بەغدا بژی هەروەها ماڵەکەی بپشکنرێ و ڕاپێچی زیندان بکرێ (حەسەنپوور ، ل162_163)

دووەم . مستەفا پاشای یامولکی و ماجید مستەفا

ئەو دووە لە نزیکەکانی شێخ بوون . ئەوانیش هەرزوو لە شێخ هەڵگەڕانەوە و بوونە عێراقی . ئەمین 1999 ، لە ل16 ی کتێبی سەردەمی قەڵەم و موراجەعات دەنووسێت :" لە هەبژاردنی 1928 دا زۆر کەس خۆیان ناودێر کرد ، لەوانە مستەفا پاشای یامولکی کە لە کابینەکەی شێخ مەحموود دا وەزیری مەعاریف بوو هەروەها ماجید مستەفا کە تا ساڵی 1927 یەکێ لە هاوکارە نزیکەکانی بوو ."
مستەفا یامولکی تەنیا دوو مانگ پێش گەڕاندنەوەی شێخ لە هیند ، لە سەردەمی ئیدارەی مەجەر سۆن بە نهێنی لە بیستویەکی تەموزی 1922 یەکەم کۆمەڵەی کوردی لە باشووری کوردستان دامەزراند. شەریف 2007 ، ل131 کۆدەنووسێت کۆمەڵەکەی یامولکی ناوی کۆمەڵەی کوردستان بوو ئامانجی سەرەکی بریتی بوو لە پاڵپشتیکردنی جولانەوەکەی شێخ

مەحموود ، کەچی کە چووە بەغدا بووە عێراقچی خێی ناودێر کرد ببێتە ئەندام لە پەرلەمانی عێراقی .

سێیەم

فائیق بێکەس ، زێوەر هەتا پیرەمێرد

فائیق بێکەس ناسراو بوو بە ئەبو نەواسی کوردی و زێوەر و پیرەمێرد ناسراو بوون بە دیندارى دووڕە سیاسەت . پرسی عێراقچیەتی بووە مەسەلەیەکی حەتمی چونکە پاش خێبەدەستەوەدانی شێخ لە 13ی مایسی 1931 دا لە پێنجوین تەماری خەباتی سیاسی [illegible] (150 ێ 1999) [illegible] 1924 [illegible] : [illegible] ێ [illegible] ”[illegible]“ ێ [illegible] ” [illegible] ” ێ [illegible] 1948 ێ [illegible] : [illegible] 98-99 ێ [illegible] ژیان بوونە مەدرەسەی بە عێراقیبوون ، بە جێرێك عێراقچییەتی بووە پلاتفێرمی کەمەێی سیاسی کورد وەك کەمەێی ماركسسی –لینینی ، ئاێای شێش هەر کاری لە سەر عێراقچییەتی دەکرد .

ئەنجام

ێژنامەی ژیانەوە سەرەتای دەرکەوتنی عێراقچییەتی و نەفرین کردن بوو لە سەربەخێیی . ێقبوون لە دەرەبەگ و شێخ و مەلا چاوی هەندێك لە منەوەری کوردی کۆێر کرد و دەستیان دایە ” خەباتی ” قەەم بێ لکاندنی کوردستان … ئەو لکاندن و عێراقچییەتە ماۆێرانی کوردی لێکەوتەوە و خەونی خانی و زەمەنی شێخی لە گێرنا.

ژێدەر

ئەمین ، نەوشیروان 1999 سەردەمی قەیەم و موراجعات 1928_1931. سلێمانی : سەردەم .
ئەمین ، نەوشیروان 2002 ژیان . سلێمانی : سەردەم.
بەکر ، سەلام ناوخۆش 2015 مێژووەك لە پەرتەوازەیی . هەولێر : هیڤی .
بەکر ، سەلام ناوخۆش 2019 کاریگەری قورئان لە سەر زمان و ئەدەبی کوردی . تورکیا : لە بڵاوکراوەکانی دەزگای تەفسیر.
جەباری ، عبدالجبار 1970 مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی . کەرکوك : چ .شارەوانی کەرکوك.
حەسەنپوور ، ئەمیر 2015 سەدەیەك خەبات لە پێناوی زمانی کوردیدا . سلێمانی : لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین .
خەزنەدار ، ج وە زەنگەنە ، ع 2011 ئینسایکلۆپیدیای ڕۆژنامەگەریی کوردی . هەولێر : لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ڕۆژنامەنووس.
شریف ، عبدالستار طاهر 2007 الجمعیات و المن و الاحزاب الکوردیه فی نصف القرن ، ط2 . السلیمانیة :؟
عومەر ، فاروق علی 2001 ڕۆژنامەگەریی کوردی لە عێراقدا ، و.تاریق کارزی . هەولێر : لە بڵاوکراوەکانی موکریانی.
دیوانی بێکەس ، کۆکردنەوەی ئومێد ئاشنا . سننە : انتشاراتی کوردستان.

_____

• ژمارە یەکەمینی ڕۆژنامەی (ژیانەوە)لە هەژدەی ئابی 1924 لە سلێمانی دەرچووە ، بەم ناوە تا 56 ژمارە بەردەوام بوو کە دەکاتە 14 \ 1 \ 1926 هەر هەفتەیەك دوای ئەو مێژووە ڕۆژنامەکە ناوی بووە (ژیان) هەتا 3\1 \ 1938 ، بەم ناوە (553) ژمارە ی لێ دەرچوو (بڕوانە عومەر 2001 ، ل121-127) هەروەها ئەمین (2002 ، ل321).

جـــادووی زمـــان و جێنـــدەری

زمانەوانی … سەلام ناوخۆش

کورتە وتارێکە لە دابڕینی جێندەر لە زمان دەدوێت
سەلام ناوخۆش

دەروازە

زمان لە بنەڕەتدا سروشتییە ، سیستەمکارییە ، بە واتای لە بنەڕەتدا " وشە " موڵکی تۆکست و کۆنتێکست بوو ، نەك سیاسەت . لە جیهانی ئەمڕۆ دا سیاسەت هەژموونی بە سەر هەموو شتێکدا داگرتووە، بە واتای زمان لە زمانەوانی قسەی لە سەر ناکرێ ، بەڵکو هەندێ وشەی بە سیاسیکراودا ، بوونەتە ناسنامە بۆ قسەکەر ، جاران لە قۆناغی کشتوکاڵی یا دەرەبەگی ، بۆ نموونە ، کە دەوترا :
-.لق ، بیرت بۆ لقی دار دەچوو
.مەبەند ،بیرت بۆ دەڤەرێك ، ناوچەیەك وەك مەبەندی زرارەتی ، خۆشناوەتی دەچوو
.مەکۆ : بیرت بۆ حەشارگەیەك دەچوو کە " ئەشقیاکان "خۆیان لە شاربڕتەوە ، ئەمڕۆ لە زەمەنی سەرمایەداری شار ، زێدە واتا ، واتای حیزبیان وەرگرتووە .
لە حکومەتی کوردیدا 1992-2018 هەندێ لە وشەکان سیما و ئەدگار و هەتا شوناسی جێندەریان وەرگرتووە.
لەم وتارەدا قسە لە سەر هەژموونی سیاسەت ، لە فێمی جێندەر لە سەر وشە دەکەین.

وشە : سیستەم و جیهانی بەرائەت و
ئیقاعی شیعری و ناسکۆژی
وشە وەك منداڵ وایە زۆر حەزی بە سیستەمکارییە ، چونکە زمان لە بونیاتگەری دا خۆی سیستەمە ، داشەکانی وەك داشی شەترەنج وان هەموو پێکەوە گرێدراون ، هەر جوڵەیەك دەبێتە هۆی گۆڕانکاری .1
ئەو سیستەمکارییە لە ئینگلیزی پێی دەڵێن " ئەنالۆجیست " پێچەوانەی ئەنۆمالیست. 2
فێمینیزم بە بیانووی هەبوونی پیاوسالاری یا نێرسالاری لە خودی وشەکانیشدا دەیەوێ ئەو سیستەمکاری بشکێنێت و دووبارە زمان پاکبکاتەوە لە هەژموونی نێر . هەموو خەمی فێمینیزم بریتییە لە بە کۆتزانینی ئایین ، کۆمەگا ، پیاو …هتد بۆیە دەیەوێت ئەوانە هەموو بشکێنێت و بە دڵی خۆی بنیاتیانبنێتەوە.

کەس نکووڵی لەوە ناکات هەندێ وشە بەرهەمی قۆناغێکی کۆمەڵایەتین ، پیاو بە نموونە لە سەردەمی دەرەبەگایەتی ئەوروپی و کوردیدا کاراکتەری یەکەم بووە ، هەندێ وشە بە هۆی ئەو کارانەوە دروستبوون و بوونە لێکسیۆنێك لە فەرهەنگدا .

تراسك و مەیبلین 2000 ، ل140 لە ژێر ناونیشانی لاوەکی سێکس لە زمانsexism in language دەڵێن : ئەمە لە ئینگلیزی ئێستا هەوڵدەدەین هەندێ جێگای کەم-سێکسیی لە ئاخاوتن و نووسین بدۆزینەوە ،
وشە و فرێزی نوێ دوور لە سێکس دابڕێژین ، بە نموونە
وشەی کۆن وشەی نوێ واتا
Letter carrier postmanپۆستەچی
Chair chairman سەرۆك
Firefighter firemanئاگر کوژێنەوە"
فیمینیستەکان زۆر بە وشەی" پیاو" قەڵس دەبن ، بۆیە هەوڵدەدەن هەموو ئەو وشانەی وشەی man پیاویان پێوەیە لە زماندا نەهێڵن . لە زمانی ئینگلیزی هەندێ وشە هەن هەر کە لە زمانی تر وەرگیراون یان هەر خۆیان ئەو جێنووسەیان هەیە . زۆرێك لەو وشانە لە کۆندا تایبەت بووە بە پیاو ، بۆیە وشەی man یان بە زیادکراوە ، وەك Clergyman , policeman , chairman , fireman , postman , man of arms , man of letters , man of means , man-eater , man-made , man of war
لە تاوتوێکردنی هەندێ ماستەرنامەدا لە زانکۆی دهۆك وا دێککەوتووە سەرۆکی لێژنەکە ئافرەتێك بووە ، ناچار وشەی chairman " سەرۆك " گۆڕیوە بۆ chairperson or chair .
ئەو جۆرە گۆڕانکارییە سروشتی زمان دەشۆڵێنێت ، چونکە مەرج نییە ئەوەی ئەو کارانە دەکات لە هەگەزی نێر بێت ، بە نموونە spokesman …" وتەبێژ ".
لە لایەکی تر دا ، لە کوردیدا هەندێ وشەی داهێنراون لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە جوانن هەروەها بە ئەدەبیانە ئاماژەی جێندەریان لێکراوەتەوە ، بە نموونە پێشتر پیاو دەیگوت :
-ئەم حورمەیە ژنمە ، دایکی منداڵەکانمە ، ژنکا منە .
هەروەها ژن لە ناساندنی پیاوەکەی دەیوت :
ئەم پیاوە مێردمە ، زەلامێ منە ، سەرداری ماڵەوەیە باوکی منداڵەکانمە.
بە ئەم دوو وشەیە ژن و مێرد کە هەگری جێندەرن ، وشەیەك بە هەردووکیان لە خودی زمانی کوردی هەیە :

هاوسەر \ هاوژین \ هەژین
ئەمە □□ك وەك ئەوەی قورئان وایە . لە قورئاندا جیاوازی مرفۆژی لە نێوان ژن و مرد □ ناكرێت ، واتە زوج و زوجة نییە ، بەڵكو بۆ هەردووك وشەی زوج \ هاوژین \ هەژین هەیە.
فەمینستەكان دەستبەرداری پیاو نابن ، بەڵام پێیان خۆشە □كابەری بكەن لە مافدا نەك لە ئەركدا . فەمینستەكان بە □ەخنە لە □ەگەزی نێر دێیان ئاو ناخواتەوە ، سنوور دەبەزێنن و قسە لە سەر زاتی خوداش دەكەن ، دە□□ن : بۆچی خودا وەصفی خۆی بە " هو " دەكات ، كەواتە نێرسالاری لە دەقی قورئانیش هەیە .
لە گوندا ، كەلتووری دێهاتدا یا لە ئەدەبی □□مانسیدا ، وشە ئیقاعی شیعریی هەبوو ، نەك جێندەریی . جەبار 2009 چەندان دەقی شیعری دەهێنێتەوە ، كە هەڵگری ئیقاعی شیعرییەن وەك ئەو دەقەی گۆران:
قژ كالی ، لێو ئالی ، پێشنگی نیگا كاڵ
.....
وشەكانم
گەڵای داری گریانم
لە شەقامی شارەكەما
□□بوارێكی وا□ە بە دوای یارەكەما
هەندێ كێپلەی تر هەن ، نەك هەر ئیقاع نابەخشن ، بەڵكو واتا و چێژیشیان نییە ، بێ نموونە
تای مەمكان لەبەردان
مووی نەخۆشەكان گرانی
□□ناكی هەسكان ساق3
هەندێ وشە هەڵگری تابۆی ئایینی ، كەمەڵایەتی هەتا خودی زمانەوانین ، لەبریتی ئەو نالەبارییە جڤاكی و زمانەوانییە لە كوردیدا ناسكۆژی هەیە. شكور مستەفا 2010 ، ل62 بەو دەربڕینە دە□□ت : قسەی بە نەزاكەت…كورد لەبریتی بە□□ت:
.فلانە كەس مرد..دە□□ت : خوا بردیەوە ، بە جێگەی هەقی گەیشت ، كێچی دوایی كرد.
یان لە بریتی برسیەتی دە□□ : دەمی بە قوتەوە گرتووە 4
جێندەری سروشتی و جێندەری زمانەوانی
لە بریتی پارێزبەندی وشە لە بە سیاسی كردن و بە مەكردن و كوشتنی ئیقاع و ناسكۆژی تیایدا ، پرسێكی تری خەتارناك هەیە ، ئەویش تەمەتباركردنی زمانە بە نێرسالاری .

فەمینیستی كوردی ئامانجی ستراتیژی بریتییە لە بە كێتزانینی ئایین

به تایبەتی ئیسلام ، بە باوەڕی خۆیان ئایین کۆتکە لە بەردەم حەزی مرۆ و ئازادی مرۆ ، لەمەش زیاتر خودی زاتی خودا بە کارەکتەری " نێر " وێنادەکەن ، چونکە لە قورئاندا بە " هو " هاتووە. فائز2015 ، ل102 باوەڕی وایە لە هیچ کتێبکی سەسیلاژیدا چەمکی وەك پیاوسالاری یا ژنسالاری نادۆزیەوە ، چونکە تیۆرەکە هیچ پەیوەندی بە کۆمەڵناسی و ئەنسرۆپۆلاژی وەنییە ، بەڵکو بۆیارێکی ئایدیۆلاژی چەپیە.5

هەر لەو ڕوانگەوە زۆربەی فێمینستی کوردی هەڵگری پەتای ئایدیۆلاژین ، نەك بەگەی کۆمەڵناسی ، هەربۆیە کار لە سەر هەڵوەشاندنەوەی چەمکی " نێرسالاری " یا " پیاوسالاری " دەکەن . کەس نکوولی لەوە ناکات لە کۆمەڵگای دەرەبەگی و توژی سیاسی پیاو زۆربەی کایەکانی کۆمەڵگای داگرتووە . ئەو پەراوێزخستنەی کاراکتەری مێ لە داموددەزگاکاندا لە سەر بنیاتی ڕەگەز ، مێبوون ، کاری لە سەر ناکرێت ، بەڵکو ملکەچی چینایەتی کۆمەڵایەتی و سیاسییە . ئەو ئافرەتانەی لە چینی سەرەوەن یا لە ماڵباتێکی سیاسیین ، زۆرکات لە سەرەوەی ڕەگەزی پیاون ، بێ نموونە لە کۆمەڵگای کوردی ئافرەتانی وەك خانزادی میری سۆران ، عادیلە خانمی دایکی هەردوو شاعیری بەناوبانگ ئەحمەد موختار بەگی جاف و تاهیر بەگی جاف بێ تەمەنێك ململانێی لەگەڵ شێخ مەحموود دەکرد هەروەها زۆر دبلۆماسیانە شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە ماڵی خۆی دەرکرد 6 هەروەها کەسێکی وەك حەپسەخانی نەقیب بە قەد سەدان پیاو ناوبانگی هەیە…

ئەو تێکەڵکردنە لە نێوان جێندەری ڕەمەکی (سروشتی) و جێندەری زمانەوانی ، فێمینیستە کوردەکانی بە ئاراستە و ئاقارێکی ترسناك دابردووە.

جێندەری ڕەمەکی و جێندەری زمانەوانی تەواو لە یەك جودان. زمان جیایی یەکێ لە ئایەتەکانی خودای گەورەیە ، تەنها ئەوانەی یتفکرون , اولوالباب لە شتة پەنهانەکانی گەردوون ، یەکێ لەوانە جادووی زمان دەگەن ، وەك دەفەرموێت:

وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاخْتِلاَفُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لآيَاتٍ لِّلْعَالِمِينَ (22 الروم)

جا بێ ئەوەی بە دروستی لە جیاوازی ئەو دوو چەمکە بگەین ، نموونە لە چوار زمان دەهێنینەوە .

دەیڤید کریستال 1992 ، ل151 باسی دوو جۆری جێندەر لە کۆمەڵگا و زمان دەکا ، ئەوەی کۆمەڵگا بە جێندەری سروشتی ناودەبات وەك سێکسی

جیا : مێ ، نێر ، نەرەموك ئەویتریان جێندەری ێزمانی وشەیە کە پەیوەندیەکی ێزمانی لە نێو بەشهکانی ئاخاوتن دەردەخات 7
لەو زمانانەی پێ جێندەرن وەك زمانی فەرەنسی و زمانی عەرەبی و بنزاری بادینی کوردییە . مێگەر1981 دەربارەی زمانی فەرەنسی دەنووسێت : لە زمانی فەرەنسیدا ئەو پەیوەندییە ێزمانیە هەر تەنیا وشەکان نییە ، بەڵکو ئەو پەیوەندییە ێزمانییە لە نێوان ئامرازی ناسین و نەناسین هەیە ، چونکە ئەو ئامرازانە هەڵگری جێندەرن ، بێ نموونە la \ le) وەك دوو ئامرازی ناسین) جێندەری وشەی پاش خۆیان دیاردەکەن هەروەها هەردوو ئامرازی نەناسین ، نەکرە un
une\ جێندەری وشەی پاش خۆیان دیاردەکەن 8 . ئەو جێندەرە زمانەوانییە تەواو پێچەوانەی جێندەری ێمەکییە ، چونکە هەبوونی ئەو ئامرازە جێندەریانە بە هیچ جۆرێك نابنە هۆی ئەوەی وشەی پاش ئەوانە هەڵگری هیچ جێندەرێك بن . دەیڤید کریستال لە هەمان کتێب و لاپەڕەدا چەند وشەیەك دەهێنێتەوە ، کە هەڵگری جێندەری ێمەکی ، بێ لایەنن ، هەرچەند ئامرازی جێندەریان لەگەڵ بەکاردێت :
La gare , la cravate , le tableau , le couteau
وشەکان هیچ پەیوەندیان بە سێکسەوە نیە ، چونکە واتای ئەو چوار وشەیە واتای دەرەوەی سێکسن : وێستگە ، بۆینباغ ، تابلۆ ، چەقۆ . مێگەر ، جگە لەوەی چەندەها وشەی ئەوها دەهێنێتەوە ، لە کێکردنەوە ئامراز و وشەکەش لە جێندەر دەبنەوە ، بێ نموونە
تاك\ جێندەری نێر :
Un oiseau , un bateau , un livre , un manteau
تاك \ جێندەری مێ :
Une table , une jambe , une main
لە کێکردن un \ une دەبنە des جێندەر نامینێت :
Des bateaux , des manteaux
Des tables , des jambs
هەردوو ئامرازی ناسین la \le کە بە تاك دێن هەڵگری جێندەری جیان ، بەڵام لە کێکردن جێندەریان نامێنێ لە فۆرم و واتادا و دەبنە les :
Le livre +pluriel = les livres
La table + pluriel= les tables
لە زمانی ئینگلیزیدا وا زەن دەبردرێت she\ he جێندەر لە ئینگلیزی پیشان دەدەن ، بەڵام لە هەموو کاتێکدا پەیوەندی بە جێندەرەوە وەنییە ، بەڵکو ئەمە جۆرێکە لە جادووی زمان. هەردوو وشەی baby u ship پێچەوانەی بیرکەی جێندەرن :

. وشەی baby لە فەرهەنگی مریەم وبستر ئەوها پناسەکراوە :
a.an extremely young child : infant

ساوا \ مەلتکە \ زارك
.b. an extremely young animal : He is the baby of the family
بەچکە \ فەرخە
In slang means “ girl ‘ and ‘ boy ‘ : girl , oh my baby .
.Boy : Hey baby , nice car
لە سلانگدا بە واتای کچ و کور دت9
جگە لە وشەی بیبی چەندەها وشەی تر وەك
… Ship , country , car , vessel , vehicle.
ئاماژەیان پکراوە She کە هیچیان هەگری سکس نیین ، بەام بە
A ship is called a she because there is always a great deal of bustle around her; there is usually a gang of men about;
But seriously: why are ships and countries (and sometimes cars and other vessels and vehicles) often referred to with the feminine pronoun?10
زمانی ئینگلیزی زمانکی دووەە جندەرە ، دەیقید کریستال 1992 ، ل151 دەنووست : ئینگلیزی تەنها جندەری هەمەکی نەك جندەری زمانەوانی هەیە هەردوو اناوی he \ she تەنها ئەو کاتە بەکاردن کە ئاماژە بە مو نر دەکەن ” 11
وەك لە سەرەوە ئاماژەمان پکرد لەوەندەش ، حاەتی شاز هەیە بەوەی دوو اناوەکە پەیوەندیان بە هگەزە نییە.
زمانی قورئان زیاتر هەشەی جندەری لە سەر –ە ، زمانی قورئان کە بە ” لسان عربی مبین ” لە قورئان ئاماژەی پکراوە ، هەند دیاردەی دژە عەرەبی تدایە ، وەك جندەری سروشتی فەرق لە بەینی زوج\زوجة نحل \ نحلة…هتد ناکات ، زوج بە هەردوو هگەز ، نحل لە فەم نرە کەچی فرمانەکانی ئایەتەکە هەموو فرمانی فەمی من :

(وَأَوْحَى رَبُّكَ إِلَى النَّحْلِ أَنِ اتَّخِذِي مِنَ الْجِبَالِ بُيُوتًا وَمِنَ الشَّجَرِ وَمِمَّا يَعْرِشُونَ * ثُمَّ كُلِي مِنْ كُلِّ الثَّمَرَاتِ فَاسْلُكِي سُبُلَ رَبِّكِ ذُلُلًا يَخْرُجُ مِنْ بُطُونِهَا شَرَابٌ مُخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ فِيهِ شِفَاءٌ لِلنَّاسِ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ) [النحل: 69].
فمینستەکان ئاماژە بە هەبوونی چەند فەمکی مینە وەك -…ة ، هذا \ هذه دەکەن . با بزانین ئەوانە هەردەم لە جندەر جیایی دەکەن .

لە هەندێ وشەدا …ة ناوی نێر دەکاتە مێ ، وەك

مخلص --مخلصة ، ساكت ساكتة ، مؤمن--مؤمنة ، جميل –جميلة
بەڵام ئەم …ة لە هەموو حاڵەتێکدا گوزارشت لە مێبوونی وشە ناکات ، بێ نموونە
ابواب مغلقة ، كتب جيدة ، أراء قيمة ، بلدان جميلة…هتد ئەو وشانە كە لە حاڵەتی تاكن ، خۆیان بێ لایەنن ، بەڵام لە فۆرمدا نێرن و گوزارشت لە نێربوون دەكەن ، وەك
هذا الباب ، هذا الكتاب ، هذا رأى ، هذا بلد
دووەم هذا \ هذه لە هەموو حاڵەتێکدا ناوی نێر و مێ یان لە دوا نایەت ، لە نموونەی خوارەوە
هذا الولد …هذه الفتاة
بەڵام لەو وشانەی خوارەوە ، ناوی دوای هذا \ هذه ناوی بێ لایەنن ، وەك
هذا جبل
هذه غابة
لە لایەكی تر لە هەندێ شوێن لە دوای(هذا) ناوێك دێ هەڵگری (…ة) وەك ئایەتی 98ی سورەتی كهف
قال هذا رحمة ربى
فەمیستی كوردی بە قسەكردن لە سەر ناوەكان ئاناوەستێ ، دەمدرێژی لە سەر زاتی خوداش دەكات و دەڵێت خۆی بە (هو) دەناسینی : قل هو الله احد
لە جێندەری زمانەوانی لە بریتی ناوی بڵایەنیش ..هو بەكاربێت ،
باب مغلق : هو مغلق
كەواتە وەك فائیز 2015 ، ل93-237 دەنووسێت : چۆن قەفەسی پیاوسالاری ، قەفەسی كولتوور و داب و نەریت و قەفەسی ئایین ، بانگاشەی پلە نزمی ژن هەرەسی هێنا 12، ئەوهاش لە جێندەری زمانەوانی زیاتر هەرەس دێنن.
لە بادینیدا هەردوو پاشگری(…ا ، …ێ) ، هەندێ جێناو ، وەك (وی \ وێ)…هتد گوزارشت لە جێندەر دەكەن ، وەك
…كچا من ، كوڕێ من
…وی گوتە من \ وێ گوتە من.
…من گوتە وی \ من گوتە وێ .
ئەم وی \ وێ یە لە كورتكردنەوەی ێستەدا نامێنن ، یانی دەلالەت لە مێبوون و نێربوون ناكەن 13وەك
گوتمێ ، كردمێ ، بردمێ
لەمەش زێتر جگە لەو ناوەی هەڵگری جێندەری ێمەكین : زەلام \ ژنك ،

کچ\ کوك …هتد ناوەکانی هەگری جێندەری زمانەوانیین ، لەو جۆرە جێندەرەش سێکس دیارخەری ناو نییە ، وەك
. " دەرگەھێ پەرستگەها دەللفی "
. " ژ ڤێ پەندێ "
" ئازادیێ بیاڤەکێ دەست نیشانکری هەیە!؟14
وشەی دەرگا و پەرستگا و پەند و ئازادی …هەموو وشەی بێلایەنن لە جێندەر ، بەڵام هەگری پاشگری جێندەری زمانەوانیین.
ئەنجام
تێکەکردنی هەردوو جێندەری ەمەکی و زمانەوانی پرسکی بێ ئاگایی و ئایدیێلۆژییە . لەو زمانانەی ناسراویشن بە زمانی پێ جێندەری لە بەردەم جێندەری زمانەوانی بە چێکدا دێن. کەواتە پرسی جێندەر پرسکی لەرزێکە ، چونکە ئەوەی فەمینیستەکان قسەی لە سەر دەکەن ، جێندەری رەمەکی و ئایدیێلۆژی و بەرهەمی ململانێی چینایەتی –ە هیچ پەیوەندی بە جێندەری زمانەوانی و زایەندەوە نییە .

-_____

1 ئەمە ەای دی سسری باوکی بونیاتگەری ئەوروپیە ، بەوانە A course in General linguistics
2 Analogist and a monologist
3 تەیب جابر 2009 گەان بە دوای ئیقاعی وشەدا ، ل35-36
4 شوکر مستەفا ، ناسکۆژی
5 فائیز ئیبراهیم : ژن لە قەفەسی ئازادیدا
6 صدیق ، کتبی عادیلە خانم ، لە بەاوکراوەکانی بنکەی کوردلۆژی
7 grammatical gender is associated with arbitrary word classes , and signals grammatical relationships between words in a sentence ‘
8 G. Mauger : Cours de Langue et de Civilisation Francaises
9 Merriam Webster Dictionary
10 internet
11 crystal : language and languages
12 فائیز ئیبراهیم : ژن لە قەفەسی ئازادیدا
13 سەلام ناوخۆش و عبدالله بابان 2000 ەکانی مۆرفیمی ێ لە کورتکردنەوەی ێستەدا ، گۆڤاری زانکۆی دهۆك
14 گۆڤاری بیاڤ ، ژمارە 25 ل89 و ل101

دەستخۆشی و چەند وردە سرنجێك … سەلام ناوخۆش

هەردوو کتێبی ڤێژەناتناسی و کۆمۆنیالیزم و پۆست کۆمۆنیالیزم

دەروازە

ئەو دوو کتێبە زۆر گرینگن بۆیە لە جیهانی ڤێژاوا زۆر قسەیان لە سەرکراوە ، بۆ نموونە
ڤێبیرت ماکروم 2016 کە ئاماژە بە سەد کاریگەرترین کتێب دەکات ، کتێبەکەی ئیدوارد ژمارە هەشت وەردەگرێت.
پیتەر هۆلیوم 2005 دەڵێت : کتێبی کۆمۆنیالیزم و پۆست کۆمۆنیالیزم ئەو کتێبەیە کە مامۆستاکان دەیانەوێ قوتابیەکانیان بخوێننەوە.”
هەردوو کتێب زۆر گرینگترن بۆ کورد ، بەڵام ئەفسووس کتێبەکەی ئیدوارد پاش چل ساڵ 1978-2018 لە زمانێکی تر تەرجومەی کوردی کرا ! هەرچی کتێبەکەی لومبایە لەوەی ئیدوارد کەمتر نیە ، ئەویش لە 1998 چاپکراوە ، واتە پاش بیست ساڵ، ئەویش لە زمانێکی تر تەرجومە کراوە .
ئەوەی ئیدوارد دکتۆر موحسین ئەحمەد لە فەرەنسیەوە وەریگێڕاوە ، ماڵی وەفایی بۆی بڕاوکردۆتەوە ، هەرچی کتێبەکەی لومبایە ، عومەر عەلی لە عەرەبیەوە وەریگێڕاوە و دەزگای ڤێشنبیری جەمال عیرفان بڵاویکردۆتەوە.

سۆرنجەکانم
لە سەر کتێبی ” ڤێژەناتناسی “

لە ئەو چل ساڵە زۆر شت گۆڕاون هەتا خودی ڤێژەناتناسی و کۆمۆنیالیزم فۆرم و مانای تریان وەرگرتووە . کورد لە ڤێژەناتناسیدا زۆر پاسیڤ و لاواز دەردەکەوێ ، زۆربەی منەوەرەکانی هەر بە شان و باڵی ڤێژەناتناس و کوردناسان هەڵدەدەن . لەمەشدا بەشێکی زۆر منەوەری کورد خۆی فاکتەرێکە لە مانەوەی کۆمۆنیالیزم و ڤێژەناتناسی بە فۆرمی تر .
کتێبی ڤێژەناتناسی بۆ فەرەنسی و عەرەبی …هتد تەرجومە کراوە ،

بەڵام هەتا لەو دوو زمانەش چەند چاپێك و وەرگێڕانێك هەن . دکتۆر موحسین نە لە بەرگ نە لە پێشەکیەکەی ئاماژە بە وەرگێڕانی فەرەنسی ناکات ، تەنیا لە ل12ی ئاماژە بە " وەشانی فرانسی گالیمار " دەکات نەك وەرگێڕەکە .

کۆماسی تر ، دەبوو دکتۆر موحسین پوختەیەك دەربارەی ئیدوارد سەعید و جیهانبینی ئەو هەروەها کتێبەکانی بخاتەوو ، چونکە ئیدوارد لە کۆنتێکستێکی تایبەتی زۆر ئەکادیمیانە نەقدی تێزەهاتناسی و کۆلۆنیالیزم دەرکەوتەکانی کردووە ، کاریگەری ئەو زۆر زیاتر بووە لە سیاسەتمەدارەکانی تێزەهات . گرینگی ئەو زیاتر لەوەدایە کە توێژینەوەکانی بە زمانی تێزەهاتناسەکانە ، بۆیە زۆربەی هەرەزۆری توێژەری تایبەتی ئاوایش دەربارەی کارەکەی ئەو ئاگاداراە . دکتۆر موحسین لە ل8 دەنووسێت : " لە پاریس ئیدواردی بینیوە …هەروەها لە ل9 لە ئیدوارد دەگوازێتەوە : " من لە هەموو ژیانم کوردم کەم بینیووە ، لە ژمارەی دەست تێناپەڕن .." ئەو دیتنەی ئیدوارد ساڵی 1993 بووە ، ئیدواردیش لە ساڵی 2005 مردووە ، لەو ماوەیە دا زۆر شت گۆڕاوە ، کوردێکی زۆر لەبەر صەدام و دەسەاتی کوردی لە ئەوڕپا و ئەمریکا گیرساونەتەوە ، هەرچ نەبێ تاەبانی و بارزانی لە ئەمریکا بە هۆی مادلین ئۆلبرایت ئاشت بوونەوە هەروەها بۆیاری نەوت بە خۆراك لە هەموو دنیا دەنگی دایەوە ، ئایا لۆژیکە ئیدوارد لەو دوازدە ساڵە زۆر کوردی تری نەبینیبێت؟؟ شادی لویس 2017 لە وتارێکدا بە ناوی
ما قول "الاستشراق" في الأكراد؟ تەواو ئەوە دەردەخات کە ئیدوارد ئاگاداری دۆزی کورد بووە ، وەك دەنووسێت : "

ففي محاضرة مشتركة مع نعوم تشومسكي، العام 1999، متعلقة بحرب الناتو على صربيا، ومع إقراره بالجرائم التي ارتكبها النظام الصربي في كوسوفو، يشير سعيد إلى الرياء الأميركي، الذي لا يصعب تبينه في تغاضي الولايات المتحدة عن مذابح الحرب الشرسة والطويلة التي تشنها تركيا ضد الأكراد.

لە لایەکی تر ، ئیدوارد زۆر ڕاستگۆ نەبووە لەگەڵ هزری خۆی ، ئەو کۆلۆنیالەی ئەمریکا و جولەکەی بۆ عەرەب پێ قەبووڵ نەبوو ، بەڵام داوای کوردی لە عێراق بەرامبەر صەدام نەك هەر پێ قەبووڵە و ئەوەی کوردی بۆ شکاندنی ناسنامە عەرەبە :

Said pointed out in the London Review of Books that the “claim that Iraq gassed its own citizens has often been repeated. At

best, this is uncertain.”
Amazingly, Said’s conclusion converged with American interests in regard to muting international opinion vis-à-vis the atrocities committed against the Kurds and Shiites in Iraq. The universality of Said’s position turned to be particularistic as he unwittingly, or intentionally, sided with Saddam Hussein’s autocratic regime that championed a virulent Arab identity.

دکتۆر موحسین دوور و نزیك هیچ ئاماژەیەك بۆ ئیدواردی دوای 1993 ناکات ، بەڵام لە ل13 دەنووسێت : ” ڕۆژهەڵاتناسی وەك دیسیپلینێکی زانستی ، لە ئاستی ڕۆشنگەری و میللی و هی دی ….دەبێ تاڕادەیەك هەڵکەوتی پێست ڕۆژهەڵاتی و…پێست کوردناسی وەربگرن.” بەگومان لە پاش بڵاوبوونەوەی ڕۆژهەڵاتناسی ، 1978 هەتا ڕیفراندۆمی 2017 چاوەڕێی گۆڕانکاریەکی نەوعی لە پەیوەندیەکانی ڕۆژئاوا و کورد ڕوبدابا ، بەڵام تاکو ئێستاش هەر فۆرمەکانی کۆلۆنیالیزم و ڕۆژهەڵاتناسی و کوردناسی لە زاکیرەی تاکی کورد مابوانە.

لە لایەکی تر لە چاپی نوێی ئۆرینتالیزم ، پێشەکی نوێی ئیدوارد هەیە ، کە تا ڕادەیەك جیایە لەوەی یەکەم ، بە نموونە لە چاپی 2004 کە 432 لاپەڕەیە کەچی ئەوەی 1978سێسەد و حەفتا و هەشت لاپەڕەیە ، ئەوەی دکتۆر 658 لاپەڕە دەرچووە. جا نازانین چاپی نوێش تەرجومەی فەرەنسی کراوە ؟
زمانی دکتۆر موحسین لە وەرگێرانەکەدا بۆ گرێیە ، خۆم هەر کوردیەکەم خوێندۆتەوە لەگەڵ ئینگلیزیەکە بەراوردم نەکردووە.

کتێبی دووەم : کۆڵۆنیالیزم و پێست کۆڵۆنیالیزم



ئەم کتێبەی ئانیا لومبا تەواوکەری کتێبەکەی ئیدوارد سەعیدە ، عومەر عەلی غەفور لە عەرەبییەوە تەرجومەی کردووە ، غەفور لە پێشەکییەکە پێمان ناڵێت کام وەرگێڕانی عەرەبی وەرگرتووە ، چونکە ئەوەی من بینیومە هەر یەك لە موحەمەد عبدالغنی و باسل المسالمة ئەو کتێبەی ئانیایان وەرگێڕاوە بۆ عەرەبی بە ناونیشانی جیا ، ئەوەی یەکەم بە ناوی " الأستعمار و ما بعد الاستعمار الادبیە" ، ئەوی دووەمیش بەناوی "الکولونیا و بعدها" غەفوور ناوی هەردوو وەرگێڕی لاداوە و لە دوای ناوی ئانیا لومبا یەکسەر ناوی خۆی نووسیوە.
کۆماسیەکی دی غەفوور ئەوەیە هیچی دەربارەی ئانیا لومبا هیچی نەوتوە ، بە واتەی پێناسەی نەکردووە . لومبا تۆژەرێکی هیندیە بەکالۆریوس و ماستەر و ئۆم فیل لە زانکۆی دلهی وەرگرتووە هەروەها دکتۆرای لە زانکۆی سوسێکس لە بەریتانیا وەرگرتووە .

غەفوور ئینگلیزی زانە و کتێبی لە ئینگلیزی وەرگێڕاوە ، بەڵام نازانم بۆ ئەم کتێبەی ئانیا لە ئینگلیزی وەرنەگێڕاوە یان هەرچ نەبا تەرجومە عەرەبیەکەی لەگەڵ ئینگلیزیەکە بەراورد بکردبا ،

چونکە بە ڕاستی لە هەندێ شوێن کوردیەکە بەرانبەر ئینگلیزیەکە تەواو ورد نییە .
چاپی یەکەمی کتێبەکە لە 1998 بووە هەرچی چاپی دووەمە لە 2005 . وەرگێڕی کوردی چاپی یەکەمی وەرگرتووە ، چونکە قسەی هیچ کەسێکی تێدا نیە لە بارەی کتێبەکەوە ، بەڵام لە چاپی دووەم ئەم قسانە لە بارەی کتێبەکەی ئانیا کراون :

Colonialism/Postcolonialism is both a crystal-clear and authoritative
introduction to the field and a cogently-argued defence of the field’s
radical potential. It’s exactly the sort of book teachers want their students
to read.
Peter Hulme, Department of Literature, Film and Theatre Studies,
University of Essex
Loomba is a keen and canny critic of ever-shifting geopolitical realities,
and Colonialism/Postcolonialism remains a primer for the academic
and common reader alike.
Antoinette Burton, Department of History, University of Illinois
It is rare to come across a book that can engage both student and
specialist. Loomba simultaneously maps a field and contributes provocatively to key debates within it. Situated comparatively across
disciplines and cultural contexts, this book is essential reading for
anyone with an interest in postcolonial studies.
Priyamvada Gopal, Faculty of English, Cambridge University
Colonialism/Postcolonialism moves adroitly between the general and
the particular, the conceptual and the contextual, the local and the

global, and between texts and material processes. Distrustful of established and self-perpetuating assumptions, foci and canonical texts which threaten to fossilize postcolonial studies as a discipline, Loomba’s magisterial study raises many crucial issues pertaining to social structure and identity; engaging with different modes of theory and social explanation in the process. There is no doubt that this book remains the best general introduction to the field.

Kelwyn Sole, English Department, University of Cape Town

Lucid and incisive this is a wonderful introduction to the contentious yet vibrant field of post-colonial studies. With consummate ease Loomba maps the field, unravels the many strands of the debate and provides a considered critique. She shows how post colonial theory forces us to reconsider some of our founding ideas, reorient our frames of enquiry, and rethink the very notion of colonialism. A must-read for everyone.

Neeladri Bhattacharya, Jawaharlal Nehru University, India

خۆزیا غەفور چاپی دووەمی ئەم کتێبەی لە ئینگلیزی وەردەگێڕا ، نەك لە عەرەبیەکە …هەر چۆنێك بێ دەستخۆشی لە ئەو دوو وەرگێڕە دەکەم ، چونکە ئەو دوو کتێبە بێ توێژەری کورد لە بواری کۆلۆنیالیزم گرینگن .

ئەمن وەك هەست بە بەرپرسیاری بەرانبەر نەتەوەکە و دینەکەم لەمێژە بە تەمای نووسینێك بووم لە سەر ژنئاواناسی ، بەڵام هەستم دەکرد کە پێویستم بە کەرەستە و مەتریال هەیە . پاش ئەوەی سەرەتای 2009 چوومە بەریتانیا هەستم کرد سورتر بم لە سەر نووسینەکەم ، بۆیە

هەر پاش هاتنەوەم لە ساڵی 2014 کتێبی " دەروازەیەك بۆ ژیاوانەوە" لە توێی 150 لاپەڕە نووسی .
ئەو دوو کتێبە هانم دەدەن لە ئایندەیەکی نزیکدا چاپی دووەمی ئەم کتێبە لە قەبارەیەکی زۆر گەورەتردا بخەمە بەردەم خوێنەری کورد. لە کۆتاییدا ناسینی زیاتری ژیاوا زۆر گرینگە بۆ ڕزگاربوون و ئایندەیەکی باشتر .

پێشبینییەکانم بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە کوردستان … سەلام ناوخۆش

لە کوردستان لە سەر چەند بنەمایەك دەنگ دەدرێت ، پارتەکانیش هەر لە سەر ئەو بنەمایە
گردەبنەوە . ئەو بنەما و پرانسیپانەی خەڵك لە سەری بۆیار دەدات جیاوازە . عەقڵی توژینەوە دوورە لە ویستی توژەر ، ئەو بنەمایانە بریتین لە

یەکەم ، گەنجی هەژدە بۆ سی ساڵی
پارتەکان هەر یەکەی ژاژەیەکی جیاواز لەم دەنگە دەبات وەك نەوەی نوێ ، هاوپەیمانی ، گۆران ، پارتی ، یەکێتی ، یەکگرتوو ، کۆمەڵ . ئەگەر بۆ نموونە هەفت سەت هەزار گەنج بەشداری بکەن ، موڵکی هەموو پارتەکانن بە ژاژەی جیاواز.

دووەم ، پیاوی سی ساڵی بۆ پەنجا ساڵی
ئەوانە دەنگی لژیکن ، زیاتر دەنگی خەڵەمێشین ، بە ئاسانی دەنگ بە لایەك نادەن ، ئەوانە گەر پێنج سەت کەس بن ، دەنگ بە هەموو پارتەکان دەدەن هەروەها ژمارەیەك دەنگ نادەن .

سێیەم ، پیاوی پەنجا تا هەشتا ساڵیی
هەرچەندە لە نێو ئەم تەمەنەدا کەسانی زیز و نائومێد هەن ، بەڵام زۆربە دەنگ بە پارتی و یەکێتی دەدەن .
هەموو پارتەکان بە زۆری کەم دەکەن ، هاوپەیمانی و نەوەی نوێ وەك

خوارەوە دەنگ دەھێنن ،

یەکەم : پارتی 23 کورسی دەھێنی ، 5 کورسی کەم دەکات بە هەی شنگاڵ و مەسەلەی مووچە.

دووەم ،هاوپەیمانی 12 کورسی بەشکی زۆری کورسی یەکێتی و گۆران و نەوەی نوێ دەبات .

سێیەم ، یەکێتی 10 کورسی دەبات بە هەی 16ی ئۆکتۆبەر و مووچە و جیابوونەوەی باڵی بەرهەم .

چوارەم ، گۆران هەر تەنیا چوار کورسی دەبات بە هەی مردنی نەوشیروان ، عێراقیبوونی پەرلەمانتارەکان و جیابوونەوەی مەسعود ، ابوون ، سروە

پێنجەم ، یەکگرتوو سێ کورسی بەهەی جیابوونەوەی هەندێ ئەندامی سەرکردایەتی و میدیاکاران .

شەشەم ، کەمەڵ تەنیا دوو کورسی ، هەندێ جیابوونەوە و هەڵوەست لە بەغدا

حەفتەم ، نەوەی نوێ تەنیا بەشێك لە دەنگەکانی گەنجی 18 بۆ 30 ساڵی دەھێنێ و تەواو عێراقی بوون .

لە ئەو پەنجا و شەش کورسییە ، هەرچەندە لیستەکەی بەرهەم دوازدە کورسی دەبات ، بەڵام خودی بەرهەم دەبێتە سەرێك کەمار .
لە کۆتایی گرینگ نییە تۆ پێت خۆشە یا نەء ، ئەوە خوێندنەوەی منە . من مامۆستای زانکۆ و خاوەنی شەست کتێبم ، بەڵام یەك دەنگم هەیە لە گروپی خۆەمۆشیم لەوانەیە دەنگ بدەم یان نەء ، سەرێك عەشیرەتێکی نەخوێنەوار لەوانەیە هەزار دەنگی پێ گرد ببێتەوە ، یان ئەو شوان و گاوان و نەخوێنەوارانەی هەندێ ناوچە هەموو دەنگ دەدەن و هەر یەکێتی و پارتی دەناسن …

لە لایەکی تر چوار پارت هاوپەیمانی و یەکێتی و گۆران و نەوەی نوێ لە دەنگی یەك توێژ دەبەن بۆیە ناتوانن کاریگەریەکی زۆر لە پارتی بکەن هەروەها گوتاری پارتی ئیسلامی یەکگرتوو و کەمەڵ خاوەن دوو گوتاری جودان بۆیە هەر لە شوێنی خۆیان موراوەغە ، تەناش دەکەن .
ئەو بیست و سێ کورسیەی پارتیش توانای ئەوەندە نابێت ، بە کۆخوا بمێنێتەوە ، کەواتە تەنیا یەکگرتن لە ژێر یەك هاوپەیمانی کوردستانی دەتوانن بەرانبەر بەغدا بوەستن .

لکاندنی ئینگلیز و لکاندنی پارتە کوردییەکان .. سەلام ناوخۆش

لە سەدەی نۆزدە و سەدەی بیستەم باشووری کوردستان بە ویلایەتی موصڵ ناسرابوو . لە سەردەمی عوسمانیدا ، ویلایەتی موصڵ ویلایەتێك بوو لە دەوڵەت . لە نیوەی شەڕی یەکەمی گەتی دا پلانێکی نهێنی لە لایەن ئینگلیز و فەرەنسا داندرا بۆ دابەشکردنی کوردستانی عوسمانلی کە بریتی بوو لە باکوور و باشوور و ڕۆژئاوا . ئینگلیز کە تەواوی عیراق و باشووری کوردستانی گرت ، ویستی ئەو بەشە بە هەردوو بەشی عەرەبی : سوننە و شیعە . شێخ مەهمود تەواو دژی ئەو هەوڵە بوو لە هەزار و نۆسەد و نۆزدەوە هەتا چل و یەك .
لە کاتی شێخ –یش کەسانێك هەبوون لە سیاسی و خاوەن قەڵەم لەگەڵ ئەو لکاندنەی ئینگلیز بوون ، هەر بۆ نموونە زۆربەی پیاوماقوول و وردەبۆرژواکانی سلێمانی پاش ڕۆژی ڕەشی ئەیلول لە بەر دەرگای سەرا ، چوون بۆ بەغدا بۆ ئەوەی خۆیان بەری بکەن لەو گردبوونەوەیە . هەر یەك لە پیرەمێرد و فائق بێکەس ناویان لێنان وەفدی کوردستان ، وڵات فرۆشان .

پاش مردنی شێخ لە کۆتایی پەنجاکان ، کۆمەڵێك پارتی کوردی بە بۆیەی مارکسی ، دروشمی سەرەکیان هەتا ڕاپەڕین لا مەرکەزی و ئۆتۆنۆمی و ئۆتۆنۆمی راستەقینە . کەواتە لکاندن ، لکاندنی ئینگلیز جۆرێك بوو لە کۆلۆنیالیزم .
دوای شازدەی ئۆکتۆبەر ، هەوتێك لە پارتی کوردی دروست بوو ، دووەە ئایدیۆلۆژیا بوو . ئەو هەوتە لە ئینگلیز خراپتر ، توندتر بوو . ململانێی حیزبی لە شار لە شاخ خراپتر بوو . ناتوانین نکوولی لەوە بکەین مۆژووی حیزبی کوردی لە شاخ و شار ، مۆژووەکی پڕ ململانێ بوو ، ئەوەی تێدا زەرەرمەند بوو .

ئێستا بەشێکی زۆری ئەو هەوتە نوێیە لەگەڵ چەند حیزبێکی کۆن گرەو لە سەر عێراقیبوون دەکەن . لە ئینگلیز خراپتر دەیانەوێ کورد بۆ بەغدا ببەنەوە ، عێراق بکەنە بروکسلێکی درەوین کە جێی عەرەب و

کورد و تورکمانی تێدا ببێتەوە . لە زەمەنی پێست کۆلیانیزمدا هەر کورد بێتە داگیرکەری خۆی ، دەیەوێ نەوەی نوێ وا گۆش بکا بە عێراقیبوون ، وەك بۆی دەسەپاتی بەغدا خۆی بسمیل کردووە و بێتە مرۆڤ جیاوازی لە نێو نەتەوەکان ناکات.
گەر بێتو ئەو بیرکەی عێراقیبوونی کوردییە سەربگرێ ، دەبێ نیو سەدە جارێکی تر بێ سەردەمی کۆلۆنیالیزم بگەڕێینەوە.

ئەستەمبوڵا ناوەندی مەعریفی ڕۆناکبیری کورد … سەلام ناوخۆش

سێکوچکەی باشوور لە باکوور
نالی، حاجی قادری کۆیی، پیرەمێرد ……..

_____

دەروازە

پێش و پاش ئەو زاتانە ، چەندان نوسەری دی باشووری کوردستان بەرەو ئەستەمبوڵ لە کاتی جیاواز بارگایان تێکناوە ، بەڵام ئەم سێیە لە پێش و پاش چوون ، وەك سێ هاوبەر لە شیعری کوردی باشوور پێگەیان هەبوو .
ئەم کورتە توێژینەوەیە لە چەند سەرباسێك پێکهاتووە ، هەموو جەخت لە سەر ئەوە دەکەن ، کە ئەستەمبوڵ لە کاتی حوکمڕانی عوسمانیی ئارامگای کۆکردنەوەی دژەکان بووە ، بەڵام لە سەردەمی حوکمڕانی ئیتحادییەکان و کەمالییەکان بۆتە شوێنی سڕینەوەی ناڕازییەکان و تەنگاوکردنیان کە ئەستەمبوڵ بەجێبهێڵن یان زیندانی دەکرێن!
لە لایەکی تر هەر لە سەردەمی عوسمانیدا ، ئەلفوبێی کوردی تەواو نزیك بووە لە ئەلفوبێی عوسمانی ، تەنیا لە چەند دەنگێك جیاواز بوونە ، بەڵام لە سەردەمی حوکمڕانی کەمالیی زمان و نووسین و ئەلفبێی کوردی لە باکوور قەدەغە کراوە ، بۆیە دوا کەسی سێکوچکەی (نالی ، کۆیی ، پیرەمێرد) ناچار بووە ئەستەمبوڵ بەرەو سلێمانی بەجێبهێڵێت.

سەرباسی یەکەم ، پێگەی ئەستەمبوڵا لای متەنەوەری کورد

قوستەنتینییە (ئەستەمبوڵ) پێگەیەکی مەعریفی بوو بۆ نوسەرانی کورد . ئەلاکۆم 2005 لە ل20ی کتێبی کوردەکانی ئەستەمبوولی کۆن لە بارەی کورد لە ئەستمبوڵ دەنووسێت :" دەمانێك کورد کە نزیکەی (30)هەزار کەس بوون ، ئەمڕۆ لە سەرووی (3) ملیۆن کەس دەقەسرێنرێن . تەنانەت سەرچاوەی ئەوتۆش هەن کە سەرژمێری کورد بە نزیکەی (4) دادەنێ."

شاری ئەستەمبوڵ شارێکی هێندە گەورە بووە بۆ گەورەکردنی رۆناکبیرانی کورد، هەربۆیە حاجی قادری کۆیی لە وەسفی گرینگی شاری ئەستەمبوڵ دەنووسێت :

سەوادی ئەعزەمی قوستەنتەنییە
گەلێ بێ ناوی کردە صەدری ئەعزەم

ئەلاکۆم 2005 ، ل28 و پیربا 2009، ل6 و عوسمان 2017 ئاماژە بەوە دەکەن کە ئازادکردنی ئەستەمبوڵ دوای ساڵی 1453 بووە ، کورد تاك تاك و شۆوەی گروپ هاتونەتە ئەستەمبوڵ . ئەلاکۆم لە ل29 دەنووسێت هەر گرتنی ئەستەمبوڵ خودی شەهابەدینی شارەزووری ناسراو بە مەلا گۆرانی بووە. لە سەرەتای سەدەی بیستەمیش ، سەردەمی عەبدالحەمیدی دووەم 1879-1909 کاتێکی زێڕین بووە بۆ کەسایەتی دینداری کوردی ، بە جۆرێك ئەلاکۆم لە ل42 دا دەنووسێت :" زیادبوونێك لە ژمارەی ئەو کوردانەدا ، بەرچاو دەکەوێ کە لە سەردەمی عەبدلحەمیدی دووەم دا هێناونەتە کەرتی سەرەوەی بیرکراسییەوە….هەروەها لە ل42-43 دەنووسێت : کوردەکان لە کۆشکی عەبدالحەمید وەك مرۆڤی لە ئاسن دروستکراو لە تابووردا ڕیز دەبوون ، لەسەر کەوا (مینتان)ەکانیانەوە هێڵەکی زەرد جوانیان لەبەر کردبوو .." هەروەها د.عومەر عبدالعەزیز 2016 لە گۆڤاری خاڵ ، ژمارە (5) باس لەوە دەکات کە سەعیدی نورسی لەگەڵ پیرەمێردی شاعیر چوونەتە دیداری عبدالحەمید."

لەپاش نەمانی عبدالحەمید ، هەر یەك لە ئەلاکۆم و جوردی گۆرگاس و پیربا باس لەوە دەکەن کە هۆوشی ئابووری و هۆشنبیری ئەستەمبوڵا تێکچوو بوو . هۆحمی هەکاری لە شیعرێك بەناوی نوزەی هەتیوێك لە گۆڤاری ژین ، ئەوها باسی بەشێك لە کوردەکانی ئەستەمبوڵ دەکات کۆچەرم من ، ئەوا کەتوومەتە بەر دەرگای ئەم و ئەو

جوردی گۆرگاس لە کتێبی(الحرکه الکردیه الترکیه فی المنفی) و فەرهاد پیربا لە (گەنجە کوردەکان) پێ لە سەر ئەوە دەگرن کە زۆربەی ڕۆناکبیرە گەنجە کوردەکانی ئەستەمبوڵ نەك هەر لایەنگری

ەوتی عەلمانی بوون، بەکو مارکسیش بوون . ئەو گەنجە سیکیولەرە مارکسیانە لە نۆیان جەلادەت بەدرخان و هی تر هەر بەو گانکاریە هزریە نەوەستان ، بەکو ئەلفوبێی کوردیشیان گێی بە ئەلفوبێی لاتینی .
هەر یەك لە نەوشیروان مستەفا 2012 بە دەم ێگاوە گوچنین –کتێبی یەکەم و مەلا ەئوف سەلیم ، ل6ی دیوانی حاجی قادری کۆیی ، باسی ئەوە دەکەن کە دەلاقەی دیوەخان و مزگەوت و کۆشکی دیوەخانی ئاغاکانی کورد …سەرچاوەی بەهۆزن بۆ پاراستنی دەقی کوردی .”
ئەو سێ شاعیرە لە دوو کۆنتەکستی جیوگرافی جیاواز ژیاون ، بۆیە هەر چ نەبێ شیعری دووانیان ، نالی و حاجی قادر ، پەرت و بڵاویان پێوە دیارە ، دژوارە بەرهەمی هەردوو شۆنیان بدۆزرێنەوە ، چونکە لەو دووایانە نەبێت توژەری کورد دەرفەتی دیتنی دۆکیومێنتی عوسمانی بۆ واڵا نەکراوە ، هەروەها توژەری کوردی باشووریش ، پیشەی گەان بە دوای دەستنووسدا لە مزگەوت و دیوەخان و حوجرە و خەك نەکردەتە خەمکی ئەکادیمی بۆ ساخککردنەوەی مۆژووی ئەدەبی خێی !
سەرباسی دووەم ، نالی لە ئەستەمبێ 1851-1877

رابەرییوونی نالی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا هیچ پەیوەندی بە تەوژم و ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی وەنەبووە , بەکو ئەوە دەقەکانی بوون ، بۆیە لە یەك کاتا کەمەك توژەری ئایدیا جودای هاندا لە دەرگای بدەن : بۆ نموونە دیندار و شەرعزانی کورد مەلا عەبدولکەریمی مودەریس , ەخنەگری مارکسی وەك مەسعود موحەمەد , کمینیستی وەك حەمەی مەلا کەریم , توژینەوەکاری وەك دکتۆر خەزنەدار و دکتۆر ەئووف عوسمان ، کەسی وەك پیرەمێردی شاعیر هەتا بە ” پێغەمبەری شیعری کوردی ” ناوی ببا ، هۆشیار ، ل85 .
سێ کۆنتەکستی جیوگرافی جیاواز ، سلێمانی ، شام ، ئەستەمبێ ێی خێان هەیە لە دیارکردنی شوناسی شیعری نالی دا .
کۆنتەکستی سلێمانی و شام زۆر قسەی لە سەر کراوە ، بۆیە بە زۆری قسە لە سەر ژیانی نالی لە ئەستەمبێ دەکەین.

کۆنتەکستی شام سەرەتایەك بووە بۆ کچککردن بۆ ئەستەمبێ ، سەرچاوە کوردیەکانی باشوور ، سەجادی ، عبدالکریم مدرس ، محمدی مەلا کریم ، مسعود محمد ، خەزنەدار 2003 ، ل45-46…، جەخت لە سەر ئەوە دەکەن ، کە نالی لە حەج-دا گەاوەتەوە شام ، لەو نامەیەکی لە (سالم) پێدەگات کە، لە غیابی (ئەو) کودەتایەکی سیاسی لە سلێمانی ێوویداوە : کە لە ساێی 1844 دا(ئەحمەد پاشای بابان) لە

کشکی میرایەتی لادراوە و (عەبدوڵا پاشا) بە هۆزی عوسمانی لە جێی داندراو و ئەحمەد پاشا ئاوارە و دەر بەدەر بوو , نالی لەو کودەتایەدا سلێمانی چۆڵ نەکردووە , بەڵام لە نەگبەتی ساڵی 1851 دا نەگبەتیەکە لەوە دابوو ڕوخانی میرنشینی لەکەوتەوە و سلێمانی کرایە قەزایەك لە ویلایەتی شارەزوور. دەوڵەتی عوسمانی عەبدوڵا پاشاشی لادا و پیاوی خێی لە شوێنی دانا .”
نالی چامە بە ناوبانگەی بۆ دەنێرێت ، چامەکەی نالی 42 دێر بووە ، چامەکە بە نێستالۆژیەك بۆ نیشتیمان ، سلێمانی، دەسپێدەکات :

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرووڕ
ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور

نالی لە غەزەلنووسی (نالی سلێمانی) لە شام دەبێتە شێشگێرێکی کەلامی ، ئەو شێشگێەیە بەرگەی مانەوە لە شام ناگرێت ، بۆیە وەك صەدیق
بۆرەکەیی 2008 , ل580 باس لەوە دەکات کە ئەحمەد پاشای بابان لەگەڵ خێی بۆ ئەستەمبۆلی بردووە هەروەها (کارێکی میریی) بۆ دۆزیتەوە .
لێرەدا ئارێشە و جیاوازی لە نێوان توێژەران دەست پێدەکات . سەججادی لە لاپەڕە (246) ی هەمان کتێبدا , دەنووسێت : ” نالی لە 1830 دەچێتە حەج و پاشان دەگەڕێتەوە بۆ شام و لەو دەمەدا میرنشینی بابان دووچاری هەرەس دەبێت ، کەچی خەزنەدار 2003 , ل47 ئەو چوونەی نالی بۆ حەج دەگەڕێنەتەوە بۆ ساڵی 1851 هەروەها سەججادی باوەڕی وایە کە نالی ساڵی 1855 کۆچی دوایی کردووە .” کەچی خەزنەدار , دەنووسێت لە 1856 مردووە . بۆرەکەیی 2008 باوەڕی وایە نالی لە تەمەنی 83 ساڵی کۆچی دوایی کردووە , (بۆرەکەیی , ل575) حاجی قادریش لە تەمەنی 77 ساڵی لە ئەستەمبۆل کۆچی دوایی کردووە – (سەججادی ، ل 336)
کەواتە بە قسەی توێژەرە کلاسیکیەکانی باشوور لە نێوان ساڵانی 1854 و 1855 کە حاجی قادر و نالی ئاوارە ڕوویان کردێتە ئەستەمبۆڵ ، بۆیە هەقمانە دەپرسین : دەبێ ئەو زاتانە یەکتریان لە ئەستەمبۆڵ بینی بێت ؟ ئەو یەکتربینە زۆر گرینگە، چونکە لایەکی شێوە شیعری نالی لە ئەستەمبۆڵ پیشان دەدات! مارف خەزنەدار 2003 , ل47 لە وەرامی ئەو نیگەرانیە دەڵێت : ” حاجی قادر لە دە جێگە لە شیعری ناو دیوانیدا یادی نالی کردێتەوە و بە چاوێکی بەرز تەماشای کردووە و بە گەورەی شاعیران ناوی بردووە .”
لە پرسی لە دایکبوونی نالی دا زۆربەی توێژەرانی وەك سەجادی و

خەزنەدار و مەسعود موحەمەد و مودەریس …، زۆر لە یەك نزیكن، بەڵام لە پرسی مردنی زۆر لە راستی دوورن ، چونكە نالی لە تورکیا –دوور لە چاوی خەڵكی باشوور مردووە.
هەریەك لە بڕەكەیی ، كوردی ڕۆژهەڵات ، و دكتۆر هەمن عومەر 2017 ڕای تەواو جیاواز دەخەنە ڕوو . بڕەكەیی باوەڕی وایە نالی لە تەمەنی 83 ساڵی واتە ساڵی1880 كۆچی دوایی كرد بێت ، هەرچی دكتۆر هەمن عومەر خۆشناوە 2017 لە ل 42ی كتێبی (نالی لە بەگەنامەكانی عوسمانیدا) ” نالی لە 11ی تشرینی دووەمی ساڵی 1293 ی ڕۆمی كۆچی دوایی كردووە ، كە دەكاتە 23ی مانگی 11ی ساڵی 1877ی میلادی.”
هەموو ئەوانەی قسەیان لە سەر شیعری نالی كردووە وەك عەلائەدین سەججادی -1952 , دكتۆر مارف خەزنەدار 2003 , سدیق بڕەكەیی (سەفی زادە) 2008, دكتۆر عزەدین مستەفا ڕەسول 2012، سەلام ناوخۆش 2016 ، دكتۆر هەمن عومەر چەند زانیاریەكی كەم لە سەر ژیانی نالی لە باكووری كوردستان یان ئەستەمبوڵ تۆمار دەكەن , وەك :

1. سەججادی لە لاپەڕە 257ی (مۆژووی ئەدەبی كوردی) ئاماژە بۆ ئەوە دەكات هەر سێ چاپی یەكەم 1931 و دووەمی 1948 و سێیەمی 1962 دیوانی نالی لای كوردی ڕۆژهەڵات بووە بە ناوی كوردی مەریوانی , عەلی سنەیی , گیو موكریانی , نەك باشوور , ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ، كە ئەو دیوانانە دەقی سلێمانی و شام و باكووری كوردستان لە خۆ گرتووە.
2. سدیق بڕەكەیی –سەفی زادە كە لاپەڕە 575-588ی بەرگی دووەمی (مۆژووی ئەدەبی كوردی)بۆ نالی تەرخانكردووە. بە پێی سەفی زادە ئەم دەقە , كە لە دوا بەرهەمەكانی نالی یە لە باكوور دا , ئاماژە بەوە دەكات نالی زۆر پیر بووە , بە جۆرێك قژ سپی و چاو كز بووە وەك دەڵێت :
مووی سپی كردم بە شووشتن ئاوی عەینی شەرە شەگ
شەرە شەگ یەعنێ كە تێدا خۆ بە خۆ قەل بوو بە بەگ
3. دكتۆر مارف خەزنەدار , یەكێ لەو كەسانە بوو كە بە نالی ناس وەك عەبدەلكەریمی مودەریس و مەسعود موحەمەد حسێبی بۆ دەكرا , نەك تەنیا كەكەرەوەی دیوانەكەی نالی بێ !
بە قسەی مارف خەزنەدار 2003 , ل46 نالی تەنیا 3 ساڵێك لە باكوور یا ئەستەمبوڵ بووە ، ئەو باوەڕی وایە نالی هەتا ساڵی 1853-1854 لە شام بووە و لە 1856 كۆچی دوایی كردووە. هەروەها دكتۆر خەزنەدار ، ل 46 باوەڕی وایە نالی لە ئەستمبوڵ بزر دەبێ !
4. دكتۆر عزەدین مستەفا ڕەسول
لە شڕۆڤەی ئەم دەقەی نالی –دا

فارس و کورد ه عەرەب هەر سێم بە دەفتەر گرتووە
نالی ئەمێ حاکمی سێ مەکە , دیوانی هەیە
ئەم مەرج (زانینی زمانی دی) و پێوەرە , نالی ئەستەمبێلی وە لێکردووە , کە چوار زمان بزانێت , ل 7-8 و شیعرەکە وای لێدێت:
فارس و کورد و عەرەب و تورك هەر چوارم بە دەفتەر گرتووە
نالی ئەمێ حاکمی چوار مەکە , دیوانی هەیە.
ئایەکەی خەزنەدار ناڕاستەوخێ لای دکتێر عزەدین و بارەکەیی و مەسعود موحەمەد و مەلای گەورە ێەتدەکرێتەوە , چونکە نالی بە 3 ساڵی فەری تورکی نابێت و شیعری پێ بنووسێت , یان مەلای گەورە واتەنی بە 56 ساڵی ئەوەندە پیر بێت ؟؟ یان نالی واتەنی ێیش سپی و چاو کز بێت!
دکتێر عوسمان عەلی 2013-2015 کتێبێکی دەربارەی کورد لە بەگەنامەکانی عوسمانی بێاوکردەوە ، بەڵام بە هیچ جۆرك بە لای پرسی نالی و حاجی قادر کەیی لە ئەستەمبێ نەچوو ، توژینەوەکەی دکتێر هەمن عومەر ، نالی لە بەگەنامەکانی عوسمانیدا ، چەندان زانیاری تازەی لە بارەی نالی لە ئەستەمبێ خستەتەوو بەوەی لەو ژنێکی هێناوە بەناوی (زەینەب) هەروەها لە ئەستەمبێا وەزیفەدار بووە و خانەنشین کراوە هەروەها بەپێی بەگەنامەکانی عوسمانی لە ئەستەمبێ کۆچی دوایی کردووە.
لە ژیانی نالی لە هەر سێ شوێن ، دەگەینە چەند ئەنجامك:

1.نالی لە ژیانی دوو جار حەجی کردووە (سەجادی و ئەوانی تر تەنیا باسی یەك حەج دەکەن ، پێش ئەوەی بچێتە ئەستەمبێ ، کەچی مەسعود محمد و صەدیق بارەکەیی باسی حەجك دەکەن کە نالی لە پیری حەجی کردووە و باپیرەی مەسعود موحەمەدی لە حەج بینیوە.)
2.نالی لە ئەستەمبێ بێتەوە نالی سلێمانی وەك مەلا سەعیدی کوردی و ێەحمی هەکاری پشتی لە ململانێی میرانی کورد کردووە.
3.هەرچەندە توژینەوەکەی دکتێر هەمن عومەر زێر شتی تازەی تێدایە ، بەڵام هیچ دەقە شیعری تێدا نییە ، کە شیعری نالی بن لە ئەستەمبێ ، لەوانەیە هەکارەکە ئەوە بێ ، دکتێر هەمن دکیومێنتی عوسمانی بە دەست کەوتووە ، نەك دەستنووسی کورد ، هەرچی صەدیق بارەکەییە دەستنووسی بە دەست کەوتووە ، نەك دکیومێنتی رەسمی ، هەربۆیە ئەو مردنی نالی بە 1880 دادەنێت ، دکتێر هەمن بە 1877 دادەنێت : دەپرسین دەبی نالی لەو وازی لە شیعرنووسین هێنا بی ، ئەمەش دوورە لە ڕاستیەوە ، چونکە صەدیق بارەکەیی باسی شیعرکی نالی لە تەمەنی پیری دەکات.
4.ئەو دوو کارەی بارەکەیی و هەمن تەواوی قسەی توژەرانی باشوور

لە بارەی ساڵی مردنی نالی ، 1855یا 1856 یا 1857 هەڵدەوەشێننەوە !

سەرباسی سێیەم ، حاجی قادری کۆیی لە ئەستەمبوڵ1856-1897
حاجی قادری کۆیی لە باشووری کوردستاندا بە خانی دووەم ناوزەد دەکرێت بەوەی ئەویش وەك خانی دینداری و سۆزی نەتەوەیی هەبووە . فندی 2008، لە ل70ی کتێبی الفکر القومی الکوردی.. دەنووسێت : بەوەی حاجی پێش بچێتە ئەستەمبوڵ ، چێتە کوردستانی ئیران بۆ دیراسە لەوانە سەردەشت و مهاباد ، بەڵام پاش تەواوکردنی دیراسە گەڕاوەتەوە کۆیسەنجق..”
سەبارەت بە پرسی حاجی قادر لە ئەستەمبوڵ ، ڕای جیاواز هەیە.
بە قسەی ئەکوام و ڕەحمی هەکاری ، ئەستەمبوڵ لە حوکمرانی عوسمانیدا پەناگەی کوردی باشوور بووە ، بەڵام بە موحەمەدی مەلا کەریم 1960 ، ل 10 و سەردار میران و کەریم شارەزا 1986 ، ل14 ئەستەمبوڵ ، شۆنی چەوساندنەوە بوو! سەردار میران و کەریم شارەزا ، ل14، ئەو شیعرەی کۆیی دەکەنە بەگە

شەو دانیشتبووم بۆ شەمع و میصباح
ئەتێی هێناوە یادم کاکە فەتتاح

بەدرخانییەکان لە باکووری کوردستان بە تایبەتی ئامەد خاوەن قۆناغ بوون ، نەك لە ئەستەمبوڵ ! لەوێ ئاوارە و دوورخراوە بوون ، بە هۆی تێمەتبارکردنی عەبدالرەزاق بەدرخان لە سەر کوشتنی (ڕەدوان پاشا)!
لە لایەکی تر ، پرسی کەیفی جوانۆیی بۆتە پرسێکی جێگای شك : ئایا لەگەڵ لە کۆیی سەفەری کردووە یان لە ئەستەمبوڵ بۆتە برادەری؟!

سەججادی لە لاپەرە (336) ی مێژووی ئەدەبی کوردی , دەنووسێت : ” حاجی قادری کۆیی لەگەڵ کەیفی شاعیر لە ساڵی 1854 بەرەو ئەستەمبوڵ دەچێت .” کەچی سەردار میران و کەریم شارەزا 1986 ، ل15 دەڵێن :” کەیفی جوانۆیی ، حاجی قادری کۆیی لە کۆیە نەبینیوە ، بەڵکو لە غوربەتی بووە بە دەستی گیانی بە گیانی کەیفی جوانۆیی.”
ئەو بەجێهێشتنەی کۆییە لای مەسعود محمد ، سەردار میران ، ڕەشید فندی بۆتە ئارەشە !
بینیمان چوونی نالی بۆ ئەستەمبوڵ بەهۆی ناچاری بووە : دەوڵەتی عوسمانی میرنشینی بابانی ڕوخاند و کەسانێکی نزیك لە خێی لەوێ کردە میر . سالمی هاوڕێی ئامۆزگاری دەکا بەوەی سلێمانی کەڵکی ئەوی نەماوە ، ئەویش سەری خۆی هەڵدەگرێت بەرەو ئەستەمبوڵ دەچێت

،کەچی لە پرسی رێیشتنی حاجی قادر کۆیی مەسعود موحەمەد لە بەرگی سێ ، ل277و سەردار میران و کەریم شارەزا 1986 ، ل12و فندی لە ل71 دەنووسن : کە شێخ نەبی ماویلی و مریدەکانی ،حاجی قادری کۆیی پەنجا ساڵی ناچار کردووە کۆیە بەجێبهێڵێت و بەرەو ئەستەمبوڵ بچێت.”
تێنەگەیشتن لە پرانسیپەکانی ئیسلام و ماتریالیزم ، هەندێ نووسەری بەوە بردووە کە حاجی قادری کۆیی بە زانای ماتریالیست ببەن ، وەك چۆن هەمان شتیان کرد دەربارەی (قانع) و (مەلای گەورە)!!
سەردار میران و کەریم شارەزا لە ل15، ئەم شیعرەی خوارەوە بە نموونەی ماتریالیزم دەهێننەوە

لازمە خول بخۆی وەکوو بەرداش
هەموو قەرنێ دەگێڕێ ئەمری مەعاش

هەر یەك لە نالی و حاجی قادر کۆیی لە یەك ماوە زەمەنی لە ئەستەمبوڵ بوونە ، ئایا یەکتریان بینیوە؟ هەردووك لە ئەستەمبوڵ تەنیا لە لایەنی ئایندەری لە یەك نزیك بوونە ، ئەگەرنا هەردووك لە ئەستەمبوڵ پێچەوانەی یەکتر بوون : نالی وازی لە شیعری نەتەوەیی هێنابوو ، کەچی حاجی قادر وازی لە شیعری دێداری هێنابوو ، خەریکی شیعری نەتەوەیی بوو!
لە لایەکی تر ئەلاکۆم2005 ، لە ل66-80ی کتێبی کوردەکانی ئەستەمبوڵی کۆن دەنووسێت : کورد لە بەشی ئەوروپای ئەستەمبوڵ و بەشی ئاسیای ئەستەمبوڵ دەژیان ..” ئەوەش وەیکردووە یەکتر نەبینن ، تەنیا لە دووڕەوە ئاگاداری شیعری یەکتر بن.
دکتۆر فەرهاد پیربا 2009 لە ل11-12 دەنووسێت :” حاجی قادری کۆیی لە ساڵی 1897 لە ئەستەمبوڵ کۆچی دوایی کردووە.” سەردار میران و کەریم شارەزا 1986 لە ل17 دەنووسن :” حاجی قادر لە ساڵی 1897 دا لە شاری ئەستەمبوڵ ، لە ئاوارەیی و بێ کەسیدا سەری ناوەتەوە و لەبەری ئێسکودار ، لە گۆرستانی (قەرەج ئەحمەد) نێژراوە.”

سەرباسی چوارەم ، پیرەمێرد لە ئەستەمبوڵ 1897-1924

پیرەمێرد ، جگە لەوەی لای هەندێك بە بیرمەند و لای کەسانێکی تر بە فەیلەسوف ناوزەد دەکرێت . پیرەمێرد لە کوردستان و ئەوروپا زۆری لە سەر نووسراوە هەتا ماستەر و دکتۆرا، وەك ماستەر فێئاد ەشید و دکتۆرای عەبدوڵا پەشێو .
پیرەمێرد لەگەڵ شاندێکی باڵای باشووری کوردستان لە کۆتایی سەدەی

نزدەهەمەوە چەتە ئەستەمبۆڵا . دکتۆر فەرهاد پیربااڵ 2009 لە ل11ی ئەستەمبۆڵ و ئەدەبی نوێی کوردی دا دەنووسێت :" لە ساڵی 1897 دا پیرەمێردی شاعیر ، لەگەڵ شاندێکی شێخ سەعید، باوکی شێخ مەحموود، دەگاتە ئەستەمبۆڵ." ئەو شاندە کوردیەی باشوور ، شاندێکی مەزن بووە. ئەلاکۆم 2005 لە ل111 دەنووسێت :" ئەو شاندە شاندێکی 40 کەسی بووە (زێوەر) و (پیرەمێرد) ، (شێخ مەحموود بە منداڵی) ، (شێخ سەعیدی باوکی شێخ مەحموود) سوێتان عەبدالحەمیدی دووەم مۆواندارییەکی گەورەی کردوون. ئەو شاندە سێ مانگ لەوێ ماوەتەوە." دکتۆر عومەر عبدالعەزیز 2016 ، ل 66 لە نووسینەکەی گۆڤاری خاڵا ئاماژە بەوە دەکات ، کە مەلا سەعیدی کوردی (شێخ سەعیدی نورسی) پیرەمێردی شاعیر بە هۆی ڕۆداوی (31ی مارت) پێکەوە گیران …" "
پیربااڵ لە ل11-12 دەنووسێت :" پیرەمێرد ، لە ئەستەمبۆڵا هاوڕێ و دراوسێی دوو کەڵە نووسەری ڕۆبەری ئەم بزووتنەوە ئەدەبیەی تورکیا بووە:ئەکرەم ئەجایی زادە (سەرنووسەری گۆڤاری پێروت فنون 1896-1901)، هەروەها خالید زیا عوشاقی زادە ، کە هەردووکیان لە یەك ئاپارتماندا ، لەگەڵ پیرەمێرد ژیاون.." ئەلاکۆم لە ل112 درێژە زیاتر بەو دیدارە دەدات کە جگە لەو دوو کەڵە نووسەرە تورکە بەوەی پیرەمێرد ماوەیەك لە (هەیبەلی ئەدا-دوگەی هەیبەلی) لە تەلارێکدا لەگەڵ حوسێن ئەحمی ، ڕەزا تۆفیق ژیاوە هەروەها ئەحمەد ئاسم و عبدالحق حامید تەرخان دەناسێ."
پیرەمێرد وەك گەنجێکی 29 -30 ساڵی زۆر لە ژێر هەژموونی ئەو بزووتنەوە ئەدەبیەی تورکیا بوو. لە یادەوەری شاعیر و نووسەری کوردی باشوور بەوە دەگەین کە ژمارەیەك لەوانە وەك تۆفیق وەهبی ، ئەفیق حیلمی ، ئەفیق مەولانزادە ، موحەمەد ئەمین زەکی ، پیربااڵ لە ل12 لە یاداشتەکانی پیرەمێرد دەگوازێتەوە بەوەی وتویەتی :" ئێمە ، زۆرترمان ، لەوێ پێگەیشتووین." ئەو نوێکردنەوە شیعرییە کاریگەریەکی زۆری بە سەر پیرەمێرد بەجێهێشتووە، گۆڤارەکەی ڕەجایی زادە ، سەروەتی فنوون، سەرنجی پیرەمێردی ئاکۆشاوە ، ناچاری کردووە بیانخوێندێتەوە ، ئەوەتە ئەلاکۆم ، ل112 و پیربااڵ ، ل12 لە پیرەمێرد دەگوازنەوە بەوەی لە یاداشتەکانی وتویەتی :" کاریگەریی ئەو شیعر و ئەدەبیاتە ، لە سندباد پتر وای لێ کردم بە دونیای خەیاڵدا ئابمێنم.." پیربااڵ لە ل16 دا دەنووسێت : پیرەمێرد یەکەمین شاعیری کوردە کە شیعری خۆی لە ژێر کاریگەرێتیی تورکە گەنجەکاندا بنووسێت و بڵاوبکاتەوە: یەکەم دوو شیعری پیرەمێردلە ژمارە 1 و 2ی ڕۆژنامەی کوردستانی لە ساڵی 1908 لە ئەستەمبۆڵ بڵاوکراونەتەوە."
لەو 25 ساڵەی ئەستەمبۆڵ ، چەند نووسەرێکی کوردیشی ناسیوە ،

د.عومەر عەبدالعەزیز لە ل66-71 ی ژمارەی 5ی گۆڤاری خاک دەنووسێت : مەلا سەعیدی نورسی ، خەلیل خەیاڵی ، شێخ عبدالقادری شەمزینی ، خالید بەگ ، یوسف زیا ، دکتۆر کەمال ..”

چاکیە ئەدەبی و سیاسییەکانی پیرەمێرد لە ئەستەمبووڵا

پیرەمێرد هەتا هاتنە سەر کاری مستەفا کەمال هەوەشاندنەوەی نیزامی سەلتەنەت و قەدەغەکردنی زمانی کوردی هەر لە ئەستەمبووڵ ماوەتەوە . هەر یەك لە فەرهاد پیربال ، ل22 و دکتۆر عومەر عبدالعەزیز ، ل66 دەنووسن 25 ساڵ لە ئەستەمبووڵ ماوەتەوە ، کە لە 18ی 11ی 1924 ئەستەمبووڵ بەجێدەهێشت و دەگەڕێتەوە بەغدا ، ئەم شیعرە دەنووسێت:

ئەوا ڕووم کردەوە تۆ ئەی دایکی موشەففەق بیست و پێنج ساڵە
لە غوربەتدا بە یادی تۆ دەژیم خوا شاهیدی حاڵە
بەیانی دا نەسیم لای تۆوە هات ، بۆنی وەتەن پێوە-هوشیار ،ل32

تەها هاشمی ، یەکێ لە دامەزرێنەرانی سوپای عیراقی هەر بەوە نەوەستا سوپای عیراقی دروست کرد ، لە بەغداوە” چوو بۆ ئەستەمووڵ بۆ پێوەندیکردن بە ئەفسەر و ڕۆناکبیرەکانەوە کە بگەڕێنەوە بۆ عیراق ، چاوی بە حاجی تەفیقیش کەوت و داوای لێ کرد کە بێتەوە بۆ عیراق…”هەشیار 1990،ل31

پاش هاتنە سەر کاری مستەفا کەمال ، هەوشی کەمەڵەی کورد تەعالی زەر خراپ ببوو ، زۆربە ئایانکردبوو یان لە بەندیخانە بوون ، کوردەکانی باشووریش گەلابوونەوە عیراق ، بۆیە دەردی غوربەت و خۆش ، ناچاربوو بە پێشنیازەکەی تەها هاشمی ڕازی بوو و گەڕایەوە بەغدا ، پیربال ، ل22 ، هەشیار ،ل31.

هەفیق حیلمی ، ل106 ، هاوار ، ل301 ، خواجە ، ل3 چیم دی باسی ئەوە دەکەن پاش ئەوەی شێخ مەحموود لە ئەیلولی 1922 گەڕاوە سلێمانی حکومەتی دووەمی لە مانگی دامەزراند.” لە 29ی شوباتی 1923 دوو فڕۆکە هاتنە سەر شاری سلێمانی و شێخ لە سەرەتای مارتی 1923 سلێمانی بەرەو جاسەنە بەجێهێشت -، هاوار ، ل498 ، شێخ لە 26ی 6 گەڕایەوە سلێمانی و وتی

من کوردم و بە کوردی ئەژم و بڕایەوە

دۆك نەما ، گۆڕی هیوامان گەشایەوە ، هاوار 528 . ئینگلیزەکان لە 18ی 7 ی 1924 ناو سلێمانی ، بەمەش حوکمداریەتی شێخ لە سلێمانی کۆتایی پێهات –ل556 .

بە قسەی پیربال ، ل22، پیرەمێرد لە 30ی 1 ی 1925 لە ئەستەمبووڵ هاتەوە سلێمانی .” بەڵام لە ژمارە 6ی ڕۆژنامەی ژیان 25ی 2ی

1926 ڕۆژی 23ی 2 هاتەوە سلێمانی –هۆشیار ، ل35. ئەوساش ، 1926 حوکمداریەکەی شێخ تەموزی 1924 لە سلێمانی کۆتایی پێهات بوو، کەواتە پیرەمێرد حوکمداریەکەی شێخ مەحموودی نەبینی بوو !! بەکو لە هەردوو حوکمرانیەکەی شێخ 1919-1918 ، 1924-1922 ، ئەو هێشتا لە ئەستەمبوڵ بوو !!
شیعری ~" فەلسەفەی شیعری کوردی " کە بە
ئەبۆ بەخشندە مل کەچ کا ، لە ڕاستی مووچە خۆری خۆی
سوراحی بۆ پیالەە سەر فڕۆ دێنێ کە تۆ کا بۆی-ل185
لە زۆر شوێن بۆاوکراوەتەوە ، هیچ پەیوەندی بە ستەمی دەسەڵاتی شێخەوە وەنییە ، چونکە شێخ لە زەمەنی هاتنەوەی پیرەمێرد لە سلێمانی هیچ دەسەڵاتی نەمابوو؟! بە واتای کە پیرەمێرد گەڕاوە سلێمانی ، حوکمڕانیەکەی شێخ نەمابوو!!

1.خاوەن ئیمتیاز و بەرپرسی ڕۆژنامەی (کورد)
ڕۆژنامەی کورد ڕۆژنامەی کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقیی کورد بوو کە لە 1908 لە ئەستەمبوڵ دەردەچوو . لای ئەلاکۆم ، ل126 ، پیربال ، ل16 ، کەچی دکتۆر عومەر لە ل67 ڕۆژنامەکە دەکاتە گۆڤار و لە ل69 خۆی ڕاستەکاتەوە و دەنووسێت : ڕۆکخراوی ناوبراو بۆیاریدا کە ڕۆژنامەیەك دەربکات! هەر ئەلاکۆم لە ل126 دەڵێت : ئەحمەد جمیل دیاربەکریی سەرنووسەر ڕۆژنامەکە بوو.
2.مەلا سەعیدی کوردی بۆ ئەوەی دەرفەتی مەشروتیە-دەستوورخوازی 1908 بقۆزێتەوە ، بووە ئەندامی کۆمەڵی موحەمەدی . دکتۆر عومەر لە ل67 دەنووسێت : پیرەمێرد لەگەڵ نورسی ئەندامی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی ئەو کۆمەڵەیە بوون.
3.کۆمەڵەی هیڤی1910
ئەو کۆمەڵەیە کۆمەڵەیەکی نهێنی قوتابیان بوو ، لە دوای داخرانی کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کوردی دروست بوو . دکتۆر عومەر لە ل66 دەڵێت : پیرەمێرد ئەندامی کۆمەڵەی هیڤی بووە." بە تێگەیشتنی من ، پیرەمێرد ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە نەبووە لە بەر دوو هۆ :
1.بیرکردنەوەی ئەندامانی جودا بوو لە تەعاون و تەرەقی کوردی و کۆمەڵەی موحەمەدی
2.دکتۆر عبدالستار لە ل63-64 ناوی ئەندامەکانی باکوور و باشووری گۆڤارەکە لە دوو ماوەی پێش جەنگ و دوای جەنگ دەهێنێت ، ناوی پیرەمێرد تێدانییە :" عومەر بەگ جمیل پاشا ، قدری ئال جمیل پاشا، فوئاد تەمۆ ، زەکی بەگ ، ئەکرەم بەگ جمیل پاشا ، مەمدوح سلیم ، خلیل خەیالی ،…هەروەها زنار سلوپی لە چاپی دووەمی دڕزا کوردان ناوی کەمال فەوزی …نەجمەدین حسێن کەرکوکلی ، عبدالکریمی سلێمانی

.
هەروەها پەرەمەرد دوور بوو لە ململانێی بنەماڵەی شەمزینی و بەدرخانییەکان ، بۆیە نەبۆتە کەمەڵەی سەربەخۆیی کورد ، چونکە ئەو باڵە زیاتر کەسانی لایسیزم و سیکیولەر بوونە!

ئەنجام

لەم نووسینەدا بە چەند ئەنجامێك گەیشتووین ، لەوانە
1.ئەستەمبوڵا لە سەردەمی عوسمانی 1453-1908 پێگەی حەسانەوەی زۆرێك لە نووسەرە ناوداراەکانی کورد ، لەوانە مەلا گۆرانی شارەزووری ، نالی ، حاجی قادری کۆیی ، پیرەمەرد ، ەفیق حیلمی ، موحەمەد ئەمین زەکی…
2.ئەستەمبوڵ لە سەردەمی ئیتحادییەکان ، گەنجە تورکەکان 1908-1918 و کەمالییەکان 1921-2002 پێگەی داخستن و چەوساندنەوە و زیندانیکردن و کۆچپێکردنی نووسەرانی کورد بووە.
3. مزگەوت و دەلاقەی دیوەخان و دەستنووس و بەگاکەکانی عوسمانی سەرچاوەی بەنرخن بۆ دۆزینەوەی شیعرە ونبووەکانی کوردی ئەستەمبوڵ .
4. خوێنەوار و بەشێك لە توێژەری کورد لە ترسی ئایدیۆلۆژیا کاری لە سەر ئەو چوار شوێنە نەکردووە ، بۆ نموونە هەتا دەرکەوتنی دکتۆر هێمن عومەر کار لە سەر دۆکیومێنتی عوسمانی نەکرا بۆ دیتنەوەی بەشێك لە ژیانی نالی لە ئەستەمبوڵ!
5.پاش ئەوەی نالی بە دڵشکاوی لەگەڵ ئەحمەد پاشا بەرەو ئەستەمبوڵ ، دەستبەرداری شیعری نەستاڵۆژیا ئامێز و بەرەی میرانی کورد دەبێت .
6.پاش ئەوەی حاجی قادری کۆیی هەست دەکات ، خەڵکی کۆیی وەك پێویست قەدری ناگرن و لایەنگیری شێخ نەبی ماویلی دەگرن لە تەمەنی پەنجا ساڵی بەرەو سەری خۆی هەڵدەگرێت.
7.حاجی قادر بە پێچەوانەی نالی-یەوە کە دەگاتە ئەستەمبوڵ و لەناو بنەماڵەی بەدرخان دەژی ، شیعری شۆرشگێڕی و نەتەوەیی نووسیوە.
8.پیرەمەرد لە ئەستەمبوڵ هەم شاعیر هەم سیاسی هەم قانوونی بوو ، بە واتای ئەوەی ئەستەمبوڵ پڵی بەخشی زۆر زیاتر بوو ! لەو هەمووە بەشدار بوو.
9.پیرەمەرد لەو بووە هاوڕێی زۆر شاعیری تورك و کورد هەروەها بووە هاوڕێیەکی گیانی بە گیانی نورسی هەتا کە گەیەوەش ، لە سڵمانی لە رۆژنامەی ژیانەوە یادی هاوڕێیەتی نورسی هەر کردۆتەوە.

_____

سەرچاوەکان

.کوردی

.ئەلاکەم ، ڕەهات 2005 .کوردەکانی ئەستەمبووڵی کۆن ، هەولێر : دەزگای موکریانی.
.بەکر ،سەلام ناوخۆش 2015. ناسیۆنالی ناوەکی و دەرەکی لە شیعری کوردیدا ، هەولێر : چاپخانەی هێڤی.
.بەکر ، سەلام ناوخۆش 2017 . ~" کۆنتێکستی جیۆگرافیای شوێن لە ژیانی نالی ، ڕۆژنامەی وشە.
.پیربالا،فەرهاد 2009.ئەستەمبوڵا و ئەدەبی نوێی کوردی ، سلێمانی :لە بڵاوکراوەکانی بنکەی گەلاوێژ.
.خواجە ، ئەحمەد 1969 .چیم دی ،سلێمانی :چاپخانەی کامەران.
خورشید ، هێمن 2017. نالی لە بەگەنامەکانی عوسمانیدا ، سۆران : لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی سۆران.
.سجادی ، عەلائەدین 2005 .شۆرشەکانی کورد وە کورد و کۆماری عیراق ، چ2،تاران :ئەتلەس چاپ.
.

.عوسمان ، دیدار و شەیما ڕۆستەم 2017.مامۆستای محەمەد فاتیح : مەلا گۆرانی شارەزووری، هەولێر : چاپخانەی هێڤی.
.فندی ، ڕەشید 2008 . الفکر القومی الکوردی بین خانی و حاجی قادر الکویی ، دهوك : لە بڵاوکراوەکانی سپی ڕۆز.
.قەرەداغی ، محمد عەلی 2009 .هەنگاوێك لەسەر ڕێگای لێکۆڵینەوەی دیوانی سالم دا ، هەولێر : لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی.
.میران ،سەردار و کەریم شارەزا1986 .دیوانی حاجی قادری کۆیی ، بەغدا : لە بڵاوکراوەکانی ئەمیندارێتی گشتیی ڕۆشنبیریی و لاوان.
.هاوار ،م.ڕ.1991.شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروووی کوردستان،لەندەن :بلاك ڕز.
.هێشیار ، فائق و ئەوانیتر1990 .دیوانی پیرەمێرد، بەغداد.
گۆڤاری خاک ، ژ.5 ، نووسینەکەی دکتۆر عومەر عبدالعزیز.

.عەرەبی

شریف ،عبدالستار 2007 .الجمعیات و الممقمات و الاحزاب الکوردیه فی نصف قرن ، سلێمانیه:سردم

مەتاتێکستی وتارەدراما … سەلام ناوخۆش

دەروازە

مەتاتێکست بەرهەمی مەتازمانە , چونکە هەردووك قسەگەلێك دەکەن دوورن لە شتە فیزیکییەکان . مەتاتێکست , تێکستێکە قسە لە سەر تێکستێکی تر دەکات , مەتازمانیش بابەتێکی تڕە لە خودی زمان دەدوێت . ئەم تێکەڵکردنەوەی زمانی شرۆڤە و زمانی تێکست پەیوەندی بە دیاردەی " ئەدەبیبوون "ەوە وەیە. ژانری " وتارەدراما " تێکەڵکردنی دوو ژانری لە ئەدەبیبوون بەدەر و تژی ئەدەبیبوونە .
لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەین لە سیمڵاژی ناونیشانی وتارەدراما بدوێین .
لەم چەند لاپەڕەیە دا ئاماژە بە چەند سەرباسێك دەکەین بۆ ئەوەی ئەم جۆرە نووسینە و بابەتەکە زەڵاڵ بی :
سەرباسی یەکەم ، مەتاتێکست و مەتازمان
پێشگری مەتا… لە پێش وشەی وەك مەتا میتەد , مەتا فیکشن , مەتا تێکست…دێت , لە ل895ی فەرهەنگی ماکمیلان دەربارەی ئەم پێشگرە هاتووە :" بریتییە لەو شتەی لە دەرەوەی شتگەلێکی بەرجەستە , یەڵ و باو ,بی بۆ نموونە میتافیزیکەل پەیوەندی بە ژیانی پشتەوەی جیهانی ماددی بێت."
مەتاتێکست لە زمانی عەرەبی دەستەواژەی " ما وراْ النص-لە پشتەوەی دەق " یان " فوق النص-لە سەرەوەی دق " ، " فلسفه النص-فەلسەفەی دەق " بۆ داندراوە . لە زمانی ئینگلیزیش دەستەواژەی وەك Metatext -مەتا دەق, metafiction -مەتا گێڕانەوە داندراون .
ئەم قسانە وەرگێرانی زاراوەکەن ,ئەدی
خودی زاراوەکە چ دەگەیەنێ و مەبەست لێی چییە هەروەها چ پەیوەندی بە " وتارە دراما "وە هەیە؟
دیتنی جیاواز بۆ چەمکەکە هەیە یا چەمکەکە وەك ناوەندێك وایە جێگای زۆر بابەتی تیا دەبێتەوە .
لە لایەك مەتاتێکست بریتییە" لە ئەدگاری هەندێك جۆری ئەدەبیی کە هەڵگری دوو ئاستی دایەڵگە لە یەك کاتدا , ئەو دوو دایەڵگەش

هاوتەریب بەرەو یەك بابەت دەچن و بە یەك ناگەن."
لە لایەکی دی "مەتاتێکست جۆرە نووسینێکە کە لە پارچە نووسینێکدا هەنگدەداتەوە , بە واتای کاتێك نووسینێکی وەك (وتار) یا (چیرۆك) یا (دراما) …هتد دەنووسی بەسودە گەر لە هەفتارت هەنگبداتەوە لەوەی نیازتە لە ئایندە چ بکەی."
واتایەکی دی مەتاتێکست بریتییە" لە تەکنیکی گێڕانەوە و ژانری خەیاڵ ئامێزی و گێڕانەوە –سەرد وەك ڕۆمان و دراما ، کە تێیدا نووسەر لەم کارە خەیاڵ ئامێز و گێڕانەوەیەدا وەك خود ئاگادار یا بە کراوەیی سرنج بۆ ڕاستیەك دەکات لە قاڵبی چوارچێوەی خەیاڵ و سەرد-گێڕانەوەی هونەری دا.

مەتاتێکست هەر قسەی تێکست لە سەر تێکست نییە , بەڵکو کۆنتێکست و کاراکتەر لە تێکستەکە بەدەر دەکەون . دوو ئاراستەی جیاواز لە سیناریۆی (بە واتا هونەریەکە نەك سیاسیەکە) نێوان موسا و خدری زیندە(پیاوە صاڵحەکە) بەدەر دەکەون , بە واتای دوو موتەقی (وەرگری) جیاوازی تێکستی ئیلاهی ئامادەگیان هەیە , موسا وەك پێغەمبەرێکی ئولوعەزم تەنیا لە ڕوخساری گوتاری ڕەبانی دەگات , بەڵام خدری زیندە لە پشتەوەی گوتارەکە دەگات. کەواتە خدری زیندە کاراکتەرێکە لە کۆنتێستێکی جیوگرافیدا لە پشتەوەی تێکستی ئیلاهی دەگات.
پرسی مەتا تێکست چ پەیوەندی بە مەتازمانەوە وەیە؟
هەرچەندە کودێن 1998 لە فەرهەنگە قەبەکەیدا قسە لە سەر ئەو دیالێکتیکییە ناکات , بەڵام پێناسەیەکی دروستی مەتازمان دەکات و لە

ل506 فەرهەنگە ئەدەبیەکەی لە وتارێکی ڕۆمان یاکوبسن 1960 بە ناوی زمانناسیی و شیعرناسیی دەگوازێتەوە بەوەی وتویەتی:" لە زمانناسیدا مەتازمان دەلالەت لە هەر زمانێکی تەکنیکی دەدات کە وەسفی ئەدگارەکانی خودی زمان دەکات ." کەواتە ئەوە پرسی مەتازمانە , مەتاتێکست دروست دەکات .
لە دوای قسەکردن لە سەر چەمکی مەتاتێکست , قسە لە سەر وتارەدراما دەکەین.
وتارە دراما لە دوو بەش پێکهاتووە , بەشکی دەچێتە چوارچێوەی قسە لە سەر کردن و شرۆڤەکردنی بابەتێك بە زمانی لێکۆڵینەوە , بەشی دووەم ژانرێکە لە ژانرەکانی ئەدەب .
یاکوبسن بە جیا لە زمانی ئەو دوو تێکست- دەقە دەدوێت و دەنووسێت : زمانی وتار زمانێکە هەڵگری " ئەدەبیبوون " نییە , هەرچی

ژانرەکانی وەك ڕۆمان و دراما و نوڤلیت … شیعرن , هەڵگری ئەدگاری ئەدەبییوونن .

کۆن 1998 لە ل465 لە ڕۆمان یاکوبسن دەگوازێتەوە بەوەی بابەتی زانستی ئەدەبی ئەدەب نییە بەڵکو ئەدەبییوونە , بە واتای وا لە کارێك دەکات ببێتە کارێکی ئەدەبی . لە لایەکی تر هەر یاکوبسن دەڵێت : ئەدەبییوون پەیوەندی بە شتگەلێك نەناسراوبن . ئەو دوو چەمکە جەخت لە سەر ئەوە دەکەن کە ئەدگارە ناسراوەکانی کارێکی ئەدەبی لە فۆرمەکەی دەژی یا ئامادەگی هەیە " هەر لە سەر ئەم بنیاتی ئەدەبییوون (وتار) و (دراما) لە یەکتر جیاوازن , چونکە خاوەن زمان و فۆرمی جودان .

سەرباسی دووەم , تێگەیشتنە جیاکانی ئەدەبییوون
پرسی ئەدەبییوون لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر واتا و مەدایەکی فراوانی وەرگرتووە . ئەم چەمکە بە سێ قۆناغی سەرەکی تێپەڕیوە , لە هەر قۆناغێکدا واتا و فۆرمێکی دی وەرگرتووە , قۆناغەکان بریتیین لە :

قۆناغی یەکەم , قۆناغی ڕۆمان یاکوبسن

ئەدەبییوون بەرهەمی فۆرمالیستە ڕووسەکانە , لەوانە ڕۆمان یاکوبسن . ڕۆمان یاکوبسن دامەزرێنەری زاراوەکەیە . کۆدێن , ل 465 باوەڕی وایە یاکوبسن لە 1919 زاراوەکەی داهێناوە , بەڵام داس 2005, ل78 باس لەوە دەکات کە زاراوەکە یاکوبسن لە 1921 دایهێناوە و وتویەتی : بابەتی زانستی ئەدەبی ئەدەب نییە بەڵکو ئەدەبییەتە بە واتای وا دەکا کارەکە ئەدەبی بێ –
The term ‘literariness’ was first introduced by the Russian Formalist Roman Jacobson in 1921. He declared in his work Modern Russian Poetry that ‘the object of literary science is not literature but literariness, i.e. what makes a given work a literary work’ (Das 2005, p. 78).
یاکوبسن جیاوازی لە نێوان دوو زاراوە دەکات بەوەی "وتار و شرۆقە…هتد لە ئەدەبییەت بەدەرن , بەڵام دەقی ڕۆمان و دراما و شیعر هەڵگری ئەدگاری ئەدەبییەتن . لەم قۆناغەدا ئەدەبییوون لای یاکوبسن تەنیا ئەدگارێکی فۆرمالیی و زمانەوانییە .کودێن لە ل465 دەنووسێت : ئەدەبییوون لە قۆناغی بەراییدا ئامانجی دیراساتی ئەدەبی شەکڵانیە-فۆرمالیستە ڕووسەکان بوو."

قۆناغی دووەم , ئەدەبیبوون و پراگماتیکس

لەو قۆناغەدا ئەدەبیبوون لە دەقی ئەدەبی دەرچوو . زوان 1993 , ل8 ئاماژە بە چەند توێژەرێکی وەك (جۆناسان کولەر و ستانلی فیشەر و ئەمبەرتۆ ئیکۆ) دەکات بەوەی ئەدەبیبوون بە تەنیا ناتوانرێ لە سەر بنەمای ئەدگارەکانی زمانەوانی, کە لە نێو دەق هەن پێناسە بکرێ , بەڵکو خوێنەر فاکتەرێکی بنەڕەتیە لە دروستکردنی واتای دەق-
Many of these scholars, which included Jonathan Culler, Stanley Fish, Umberto Eco to name a few, stated that literariness cannot be defined solely on the basis of linguistic properties found within a text but that the reader is also a crucial factor in the construction of meaning (Zwaan 1993, p. 8).
کەواتە لە گەڵان بە دوای پێناسەی ئەدەبیبووندا دوو ئاراستە دروستبوون : ئاراستەی یاکوبسن کە بە چاوێکی فۆرمالی تەماشای زاراوەکەی دەکرد زەنی وابوو جیاوازی لە نێوان دەقی ئەدەبیبوون و دەقی سادە سیخناخکراو بە زمانی ئەدەبی هەیە, دیارکردنی ئەو ئەدەبیبوونە پەیوەستە بە زمانی دەقەکە . ئاراستەی دووەم گریمانە زمانەوانیەکەی یاکوبسن ەتدەکاتەوە و دەڵێت : پێویستە ئینتریستی مرۆڤ لە پێکهاتە ڕزمانیەکانی وەك سێناتکس و سیمانتیکس وەرچەرخێنین بەرەو پراگماتیکس کە شرۆڤەی دەقنووس و دەقناس لە سەر دەق دەخاتەوو- نوس 1990, ل 350″
This approach moves the interest from the grammatical structures, syntax and semantics, to that of pragmatics which analyses the author’s and the reader’s view on the text (Nöth 1990, p. 350).
لەم قۆناغەدا دیاردەی مەتا تێکست لە زاراوەی ئەدەبیبوون بەرجەستە دەبێت , کەنتێکست هاوتەریب لەگەڵ تێکست بەشدار دەبی لە پرۆسەی خوێقاندنی ئیستاتیکا و واتای تێکست.
قۆناغی سێیەم ,قۆناغی فۆرمالیستی نوێ
تیۆردانەرانی ئەمڕۆ وەك ڤان دیك و کینچ لە دوو ماوەی جیاواز مۆدێلێکی نوێیان بۆ زاراوەی ئەدەبیبوون دارشت .ڤان دیك لە 1979 و جارێکی تر لەگەڵ کینچ لە 1983 وتیان : ئەدەبیبوون پێویستە لە سەر بنەمایەك شوناس وەربگری , ئەو بنەمایەش ناکرێ لە سەر تیۆری زمانەوانی دامەزرێت , بەڵکو لە سەر بنەمای پراگماتیکی مەعریفی و ئیدراکی دامەزرێت .”

Theorists such as Van Dijk (1979) or Van Dijk and Kintsch (1983) focus on the cognitive aspects of meaning representation and say that literariness must seek a basis not in linguistic theory but in a cognitive pragmatic one.

ئەو سێ دیتنە توانیان وێنەیەکی کامڵ دەربارەی ئەدەبیبوون بخەنەڕوو ؟ویکیپیدیا لە وتارێك لە سەر ئەدەبیبوون دەنووسێت : وەڵامی ئەو هەموو گرفتانکاریە لە زاراوەکە , هێشتا چەند توێژەرێك هەنە باوەڕیان وایە دژوار و ئەستەمە بە تیۆری ئەدەبیبوون بگەین.”
حزوری ئەدەبیبوون لە تێکست- دەق و غائیبوونی لە شرۆڤە بەس نییە بۆ یەکلاکردنەوەی ناسنامەی دەق , چونکە وەك دکتۆر فوئاد ڕەشید2005 , ل34ی کتێبی ناسنامەی دەق باسی هەبوونی کێشەیەك دەکات لە ناسنامەی دەق لە نێوان دەقنووس و دەقناسدا , ئەوەتە دەنووسێت :” د. محمد بەکر لە تێزی دکتۆراکەیدا دەقەکانی (پەگاڵ) و (بانگەوازێك)ی بە پەخشانەشیعر داناوە , ئەمە لە کاتێکدا فەرهاد پیربااڵ خۆی ئەم دوو دەقەی بە شیعر لە قەڵەمداوە .” هەروەها هەر دکتۆر فوئاد ڕەشید لە ل30 ی هەمان کتێبدا دەنووسێت : نوسەرانی وەك شرکە بکەس و پیربا و عەزیزی مەلای ڕەش و سەباح ڕەنجدەر و عبدالله سەراج و جەمال شارباژێر ناوی جودا لە دەقەکانیان دەنێن وەك شیعری پێستەر , شیعر , وتارە چیرۆك , تێکست و ڕۆمان-شیعر… .
سەرباسی سێیەم , ئەزموونگەرایی کورد لە مێتاتێکستدا

هەردوو ژانری وتار و دراما , بە جیا هەریەکە جۆرە ژانرێکی ئەدەبیین , ئەوەی یەکەم هەژموونی لێژیك و توێژینەوە تێیدا زاڵە چونکە لە سەر داتا دامەزراوە , هەرچی دووەمە زیاتر فۆرمالیستی و فانتازیا تێیدا زاڵە , زۆر کەمتر کار لە سەر داتای ماتریالیست دەکات .
لە زماناسی و ئەدەبناسی کوردیدا ئەو دووە پێکەوە لە تێکستێکدا ئیشی لە سەر نەکراوە , ئەوەی کراوە هەردوو بە جیا باسکراون .
هەر یەك لە سەجادی و مەحموودی2002 لە ل22ی فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی زاراوەی ” ئەدەبییەت ” بەکاردەهێنن, لە ل63-64 ئاماژە بە زۆر جۆری ڕۆمان دەکەن , بە لای تایتلەکەی ئێمە ناچن هەروەها لە ل78-79 باسی زۆر جۆری دراما دەکەن , باسی ئەم جۆرە ناکەن هەروەها لە ل110 باسی وتار دەکەن بەڵام باسی وتارە دراما ناکەن.

لە نووسینی کوردیدا چ لە زانکۆ یا دەرەوەی زانکۆ ئاماژە بە نووسینی وەك ڕەخنەی (ڕەخنەی ڕۆمانی کوردی) , ڕەخنەی (ڕەخنەی شیعری کوردی) هەروەها ڕەخنەی (ڕەخنەی فتوحاتی ئیسلامی) کە بە ڕای

بەندە نزیکن مەتاتەکست و مەتازمان و وتارەدراما . زنجیرەی ەخنەی -ەخنەی , چیرۆکی , شیعری , ەمانی کوردی – وەامدانەوەی ەخنەی دەقناس نییە لە دەقنووس . دکتەر فوئاد رەشید 2005 لە ل76-80 کتەبی ەخنەی – ەخنەی ەمانی کوردی – ئاماژە بە چەندان رەخنە لە سەر نووسینی ەخنەیی حەمە کەریم – شرکە بکەس –مەحموود رەزا- ئەبو شەهاب لە بارەی رەمانی هەرەس و رزگار صاەح – ئازاد حەمە شەریف – ئیبراهیم شوان لە بارەی رەمانی کۆخا سۆ دەهنتەوە و دەنووست : نووسینەکان لە چوارچۆەی خودی و تاکەکەسیدا , توانج و پاریان لەخگرتووە…هتد" کەوابوو وەامدانەوەی رەخنەیەك لە تەکستکدا ناچتە چوارچۆەی رەخنەی دەقەوە . گەر ئەو وەامدانەوەیە رەخنەی دەق بۆ , ئەوا نالی هەر لە سەدەی نزدەوە بە شیعر وەامی ئەو کەسانەی داوەتەوە کە رەخنە لە زمان و ناوەرکی شیعرەکانی دەگرن .

ەخنەی رەخنەی دەق پۆیستی بە ئامادەگی بە بەها رەخنەییەکان و میتدکاری رەخنەیی وەیە , دکتەر فوئاد رەشید لە ل80-81 ی کتەبی رەخنەی –رەخنەی رەمانی کوردی – دەنووست : لە حاەتی مامەەکردنکی زانستی و بابەتییانە لەگەا رەخنەی رەخنەدا کار بۆ پەی بردن بە میکانیزمای کارە رەخنەییەکە دەکرت , تا بزانرت چ میتدکی رەخنەیی لە پشتەوەی کارەکەدایە . هەروەها کار بۆ زانینی چنتی و چەندایەتی ئامادەبوونی بەها رەخنەییەکان دەکرت لە نو کارە رەخنەییەکەدا."
زنجیرەی رەخنەی – رەخنەی تەکست- بە پۆەری فرمالیستی یاکوبسن بۆ ئەدەبیبوون : نائەدەبیبوون + نائەدەبیبوون + ئەدەبیبوونی لدەکەوتەوە , بەام بە پۆەری ڤان دیك بنەمای پراگماتیکی مەعریفی و ئیدراکی لدەکەوتەوە , ئەو دووەش لە دەرەوەی دەقن , بەام پەیوەستن بە هەستی پەیامگرەوە .

پش مەتاتەکستی وتارەدراما , هەند دەقنووس ژانرکی نزیك لەو ژانرەیان بۆ دەقی خیان داناوە , بۆ نموونە عەزیزی مەلا ەش بۆ دەقی –کرمانج – وتارەچیرك-ی داناوە , پش هەموو شتك چاوەد دەکر بنەمای وتار و چیرك لەم دەقەدا دەرکی پبکر , بزانین هەستی پەیامگر بەرانبەر وتارەچیرکی کرمانج چنە. دکتەر فوئاد رەشید 2005 لە ل39-40 ی کتەبی ناسنامەی دەق تروانینی رزگار لوتفی و رەشید صابیر و خی بەرانبەر ناونیشانەکە ئاوا دەخاتە وو :"

1.رزگار لوتفی هیچ ئاماژەی بۆ ئامادەبوونی زاراوەی وتارەچیرك لە

دەقی –کرمانج – نەکردووە بەکو وەك چیرۆك مامەڵەی لەگەڵدا کردووە.
2.صابیر رەشید وتاری بیبلۆگرافیا ئامێزدا وەکو –کورتە رۆمان –ێك دەقی کرمان-ی پێشین کردووە.
3.خۆی , فوئاد رەشید
بە چەند پرسیارێك لە دەقی کرمانج دەستی پێکردووە وەك وتارەچیرۆك واتای پێکهەگرتدانی دوو هونەری ئەدەبیە بۆ خوێقاندنی فۆرمێکی نوێ؟ یان نووسەر لە رووی تەکنیکی دارشتن و زمانی گێرانەوەی بەرهەمەکەوە هەستی بە تایبەتمەندییەك – سادەیی و ئاستەوخۆی- کردووە , بۆیە ئەم زاراوەیەی بۆ بەکارهێناوە؟…کەمتر زاراوەکە ئاماژە بە دارشتنی ژانرێکی یا چەشنێکی ئەدەبی نوێ دەکات.”

ئەنجامگیری

لەم نووسینەدا چەند ئەنجامێك بە دەست گەیشتوون , لەوانە
1.زاراوەی مۆتاتێکست بۆ تێکستێکی ئەدەبی یا زمانەوانی – بەپێی زانیاری توێژەر -لە نووسینی کوردیدا کاری لە سەر نەکراوە.
2.وتارەدراما وەك ژانرێك کاری لە سەر نەکراوە , نزیك لەم ژانرە عەزیزی مەلا رەشی دەقنووس زاراوەی وتارەچیرۆکی بۆ دەقێکی خۆی بەکارهێناوە , بەڵام دەقناسەکانی وەك رزگار لوتفی و صابیر رەشید و د.فوئاد رەشید بە ژانری تریان داناوە.
3. ناکرێ ئەدەبیبوون هەر لە روانگەی زمانەوانی یا شەکانیەتی دەق مامەڵەی لەگەڵ بکرێ , بەکو کۆنتێکست و پراگماتیکی مەعریفی یا ئیدراکی دەوریان هەیە لە خوێقاندنی فەزای ئەدەبیبوونی دەق .

سەلام ناوخۆش \ مامۆستای زانکۆ

وەتنی سوننەی سیاسی و شیعە بەرەو کوێ؟* … سەلام ناوخۆش

ژێك لە ژان تاکی سوننی مەزەب لە خۆی پرسیوە ، ئەو هەموو دروشمەی ئیران : مرگ بەر ئەمریکا و مرگ بەر ئیسرائیل لە هەشتاکانەوە ، بۆچی کردارێکی چەکداری شیعە مەزەبی بەرانبەر ئەو

دووه ێنەکەوتەوە؟ هەروەها بۆچی لە خۆمان ناپرسین : بۆچی ئەو هەموو تەقینەوەی لە ئەوروپا و ئەمریکا و ڕژهەڵاتی ناوین دەکرێت ، هەموو بزاڤە سوننی مەزهەبەکانن لە ووڵەتدا؟
چەندان کتێب هەن کە قسە لە سەر بەرژەوەندیە هاوبەشەکان دەکەن ، یەکێك لەوانە کتێبی المصالح المشترکە** .

لە نێو بەرەی سوننی مەزهەبدا ەوتی جیاواز هەن بێ نموونە کەنداویەکان دەیانەوێ ناوچەکەیان لە هەژموونی عەسکەری شیعە(ئیران) بپارێزن و پەرە بە ڕەفاهیەتی خۆیان بدەن ، ئەوانە قەبوڵی دەسەڵاتی کۆماریی ناکەن و دەیانەوێ سیستەمێکی ویراسی –بنەماڵەیی لە ناوچەکە هەبێت" کە زەرەری بێ ئەوان نەبێت، بێ نموونە هەر کاتێك لە مصر ئیخوان لە دەسەڵات دەرکەوت و مورسی بە هەڵبژاردن بووە سەرۆك ، قیامەت ووێدا دەوڵەتی وەك سعودیە و ئیمارات توانیان بە پارە مورسی شکست بەو ئەزموونە بێنن و بەشدار بن لە ووخاندنی ، مصرێکی لاواز و پەککەوتە بە دەست سیسی گیانەلا بکات ، باشترە لە ئیخوانێك بەیانی بە زەرەری ئەوان تەواو بێت . ئەو خەتە کەنداویە هەر دوژمنی شیعە نییە ، بەڵکو دژی هەموو ەوتێکی سوننیشە کە وا بزانن کورسی دەسەڵات و ەفاهیەتیان دەلەرزێنی .
تورکیا بەناوی تر و ئامانجی تر لە بەرەی سوننی بوو . ئاکپارتی دەیەویست جارێکی تر ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی لە تورکیا و عێراق و سوریا…زیندوبکاتەوە و بە ئیمپراتۆریەتێکی سوننی بەرانبەر ئیمپراتۆریەتی شیعە ەوەستێت!
هەر لە ێگای تورکیا بە پلە یەك و کەنداو بە پلە دوو ، مەسعود بارزانی چوو بووە ناو ئەو بەرەیەوە ، چونکە دەیزانی جگە لە ئیران خۆی ، بەڵکو عێراق و سوریاش بەرەو دەوڵەتی شیعە دەچن . شیعەش دەسەڵاتی ببێت بەرانبەر کورد چی بە سەر کوردانی ێژهەڵات هێنا ، ئەمەش بە سەر باشوور دەهێنێت.

خەڵك وا زەن دەبا لە ووڵەتدا ئەمریکا لەگەڵ ەوتی کەنداو و تورکیا و کوردی دابوو بەرانبەر هەڕەشەی شیعەگەریی . لە ەستیدا ئەمریکا و ئیران بەرژەوەندی هاوبەشیان زیاترە نەك بەرەی ئەمریکا و سوننە .
ئەمریکا و ئیران یەك ئامانجی سەرەکی کۆیان دەکاتەوە ئەویش لێدانی ئیسلامی عەقیدەییە ، هەرچی ئەمریکا و بەرەی سوننەیە بە بەهێزکردنی بەرەی سوننە کۆتایی دەهات ، لەمەشدا ئەمریکا تەنیا قازانجی ماددیی لە کەنداو دەبینی نەك ئامانجی عوسمانی و دەوڵەتداری کوردیی ! بەڵکو ئەو دووانە سەرئێشەبوون بێ ئەمریکا !لەو

هاوپەیمانیەی ئەمریکا –ئیران ، ئیسرائیلیش هەیە ، پرسی ئیران گۆت لە هەشتاکان دەسپێکی بە دیارکەوتنی پەیوەندیەکانە ، ئیسرائیل نە دەیەوێت ئیران بوخێت یا لە شەڕدا بکەوێت ئەوەتە سەرکی موساد بە ئاشکرا دەڵێت : چەکەکانی ئەوان بوو نەیهێشت ئیران بکەوێت ***

ئەمریکا و بەرەی سوننەی سیاسی

ئەمریکا چۆن توانی بەرەی کۆمۆنیزم بەبێ شەڕ ببەزێنێ ، ویستی و دەیەوێت بە هەمان ستراتیژ بەرەی سوننە ببەزێنێت و بە پێوەری جیسکی هەیاسی مامەڵە لەگەڵ دەسەڵاتی شیعە بکات .
ئەمریکا هەوڵیدا لە هەر سێ هەوتی بەرەی سوننەی سیاسی بدات . سەرەتا لە تورکیا دەستیپێکرد و کودەتای تەموزی 2016 سازکرد ، بەڵام کودەتاکە سەری نەگرت هەروەها دوای گەشتی تەرەمپ بۆ کەنداو ، هەرزوو بەرەی کەنداوی کردە دوو ، سعودیا و ئیماراتی کردە دژی قەتەر . دروستکردنی ئەو ناکۆکیە چاوەڕێ کراو بوو ، تەنیا کەنالی جەزیرە کێشك و کورسی ئیمارات و سعودیە هەژاندبوو !
پێش ڕیفراندەمی ئەیلول ، زەربەی ڕاکبیری کورد دەرکی بە درزی نێوان بەرەی کوردی دەکرد . بەرەی شیعە و بەرەی سوننەی سیاسی زۆر بە زەقی دەبینران ، لە نەزەر خودی مەسعود بارزانیش چاوەڕێ نەدەکرا ، کەسانی سانەوی لەگەڵ بەرەی شیعە ڕاکبکەون زەبرکی کوشندە لە ئەزموونی ڕیفراندەم بدەن ، بەمەش گرەو لە سەر ئەسپی تۆپیو یا بەزیو بکەن . ئەمریکا نەیتوانی لە کەنداو و تورکیا هیچ بکات ، بۆیە لە هەوتە لۆکالیەکەی کوردی باشووری دا . بۆ خۆشبوونی سیناریۆکە ، هەر لە دوای خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەر ری 2017 توانی هەوتی مەسعود بارزانی بدەنگ بکا و بەرەی لایەنگرانی ئیران و عێراق سەربکەون ، بە جۆرێك کەرکوك بە تەنیا ڕاژەك بکەوێت .

چارەنووسی دوو هەوتە دەسەڵاتدارەکەی سوننە درزکی تری تێکەوت . تورکیا وازی لە بیرکەی عوسمانیەت هێنا و بووە هاوپەیمانی ڕووسیا هەر لە ڕاگای ڕووسیاوەش لوتکەی سێ قۆڵی پێتین-ڕحانی – ئەردۆگان گرێدا . ئەو پاشەکشەی ئەردۆگان لە بەرەی سوننی بە زەرەری کوردی ڕاژاوا تەواو دەبێ ، دوور نییە بەر لە ساڵی نوێ ڕووسیا و ئیران هیچ بەرهەستیەك نەکەن لەوەی تورکیا عەفرین لە ڕووی بگرێت !
سعودیە و کەنداویەکانی تر بۆ پاپشت ماونەتەوە ، ئەمریکا لەم پرسەیە قازانجکی دوو لایەنە دەکات : دەوڵەتی وەك سعودیا و ئیمارات ناچار دەکات بە ملیارەها دۆلار لە کۆینی چەك لە ئەمریکا خەرج بکەن ، ئەو فەرموودەیەش بۆتەدی کە باس لەوە دەکات ماڵی خوا

بۆ موسڵمانان ئەستەم دەبێت ! بەمەش خەونی ئەمریکی و شیعە دێنە دی :

– ئەمریکا تەواو ڕاستەوخۆ تر دەست بە سەر کەنداو دەگری و خەونی عوسمانییەت لەبار دەبات.
– خامەنەئی ڕابەری شیعە لە ناوچەکە ، وەك موحەمەد سەلمان وتی : دەیەوێ ببێتە هیتلەری ڕۆژهەڵاتی ناوین ، ئەمەش کاردانەوەی لێدەکەوێتەوە.
– پرسی کوردیش لە ڕۆژهەڵاتی ناوین وەك سەردەمی دوای (سیڤەر)ی لێدێت ، چونکە هاوپەیمانی ژێر بە ژێری ئەمریکی-ئیرانی هەر ئەوەی لێ چاوەڕێ دەکرێ ، دکتێرە شیرین فوئاد مەعصومیش وتەنی : ئەمریکا ڕۆژەك لە ڕۆژەکان لایەنگری حکومەتی کوردی نەکردووە هەتا ئەوەی 16ی تشرینی یەکەم ڕوویدا بە خیانەتی ئەمریکا لە کورد لێکبدەینەوە!
– هەر بۆیە چاوەڕێ دەکرێ لە ساڵی نوێدا ، ئیران شەڕکی عەسکەری دژی سعودیا بکات و ڕەوشی باشووری کوردستان –عێراق بە قازانجی شیعە تەواو بێت ، تورکیاش خاڵە ستراتیژیەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بگرێت ، لە ئەنجامدا ڕەوتی ڕوداوەکانیش بە قازانجی شیعە تەواو ببێت و ئەمریکاش وەك تەماشاکەرێك بێ لەو شەڕەدا هەتا هەردوولا تەواو ماندوو دەکات! ڕ
– * ڕەوت : واجهه ، ئاراسته
– ** حلف المصالح المشترکه، تریتا بارزی
***

AddThis Sharing Buttons
Share to Facebook40Share to TwitterShare to Google+Share to ارسال ایمیل

مقالات:ماذا تعرف عن التعاون الخفيّ بين إيران وإسرائيل؟

–
سەلام ناوخۆش \ مامۆستای زانکۆ

کۆنتەکستی جیۆگرافی لە ژیانی نالی ( ) ….سەلام ناوخۆش

شرۆڤەیەکە لە سەر شوناسی (نالی) دەکەیتەوە

دەروازە

ئەتەکیەتی زمان و شیعریەتی زمان لە دەق و تەکنیکی هونەری و وشەبازی – pun و غەزەلنووسی نالی , تۆژەرە کوردەکانی ناچار کرد , کە نالی بە رابەری شیعری کلاسیکی کوردی بناسێنن .ئەو ناساندنە هیچ تەوژم و ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی لە پشتەوە نەبووە , بەکو ئەوە دەقەکانی نالی بوون , لە یەك کاتا کەمەك تۆژەری ئایدیا جودا هاندا لە دەرگای بدەن : بۆ نموونە دیندار و شەرعزانی کورد مەلا عەبدولکەریمی مودەریس , ەخنەگری مارکسی وەك مەسعود موحەمەد , کۆمینیستی وەك حەمەی مەلا کەریم , تۆژینەوەکاری وەك دکتۆر خەزنەدار و دکتۆر ەئووف عوسمان ……..هتد
ئەم کورتە تۆژینەوەیە هەوڵ دەدا روناهی بخاتە سەر گرینگی کۆنتەکستی جیوگرافی لە دروستککردنی سۆ شوناسی جیای نالی هەروەها هەر لە ێگای دەقەکانەوە ، باسی تەمەن و حەجەکانی نالی بکات .
نالی و ململانێی میرانی کورد فاکتەری ترن لە سەر ونبوونی کەسێتی شیعری نالی .

بەشی یەکەم ، نالی سلێمانی

نالی سلێمانی باشووری کوردستان بەوە ناسراوە , کە شاعیرێك بووە (سەلما)یەکی بە نێوی (حەبیبە) وەك جزیری بۆ خێی دروست کردووە و خۆشویستووە , جا ئەو مەحبووبەیە مەجازی –سۆفی , یان حەقیقی بێت کاری ئەم نووسینە نییە ، ئەوەتە دەربارەی مەحبووبە -حەبیبە دەێت :
پێم دەێن مەحبووبە خێل و قیچە مەیلی شەێ دەکا
خێل و قیچە؟ یا ترازووی نازی نەختێ سەر دەکا
هەروەها دەێت:
دەستم لە گەردنی خێت هەڵمەگرە ئەی حەبیبە
وە بزانە خوێنی خۆمە یا مننەتی ەقیبە!
سەججادی 1971 , لە ل250 دەێت : "نالی لە باسی دێبەریا سەرئەکەوێ

, ئاوازی وردەکاری و بەلاغەتی دەنگ ئەداتەوە و ئەڵێ:
لە دوگمەی سینە دوێنێ نوێژی شێوان بەیانی دا سفێدەی باغی سێوان
لە ترسی تەلعەتت ڕۆژ هەروەکوو شێت بە ڕوو زەردی هەڵات و کەوتە کێوان
نالی –یەکەی سلێمانی هەم غەزەلنووس و ئاشق و خەوبین بە جەستەی مەستورە (کە ئیرۆتیکی لێدەرژێت) و دیندار کەسی تر نەبووە . پرسی غەزەلنووسی و ئاشقبووی بە حەبیبە و جەستەی مەستوورە زۆری قسە لە سەرکراوە ، بۆیە سەبارەت بە نالی سلێمانی تەنیا ئاماژە بە دەوری دینداری وی دەکەین .
دکتۆر هەئووف عوسمان 2010 , ل لە کۆنفرانسی سنە و گۆڤارەکەیاندا دەڵێت : " نالی بە چەندان وێنە ئایەتی قورئانی لە شیعری خۆیدا تەوزیفکردووە . " لە هەردوو کتێبی بەندە (شیعری ئایدیاڵێژی کوردی)و (شیعری هاوچەرخی کوردی)بە درێژی ئاماژە بەوە کراوە کە نالی چۆن وەستایەکی هونەری بووە لە بەکارهێنانی ئایەتی قورئان و فەرموودە لە دەقی شیعریدا.
نالی شارەزا و بە ئاگا بووە لە (تەریقەتی نەقشەبەندیی) و(قادریی) , بۆیە مەشکی خۆی بەراورد دەکا بە گومبەتی خانەقا , کە لایەکی پڕ لە چرایە , لایەکەی تری پڕە لە مژڵی دنیایی :
نالی سەرت لە گونبەدەکەی خانەقا ئەکا لایێ پڕە لە مەشعەلە
, لایێ پرە لە مەشغەلە
کەواتە نالی سلێمانی شاعیرێکی غەزەلنووس و وەسفکار و دیندار و چالاکێکی دینی شارەزا بووە لە تەریقەتەکانی ئیسلامی.

دووەم , نالی –شام

دوای ئەوەی نالی سلێمانی بۆیاری چوونە (حەج) دەدا ، لە غیابی (ئەو) کودەتایەکی سیاسی لە سلێمانی ڕوودەدات.
دوای گەڕانەوەی نالی لە شام لادەدات , لەوێ سالم نامەیەکی بۆ دەنێرێت باسی ڕەوشی سیاسی سلێمانی بۆ دەکات . نالی چامە بە ناوبانگەی بۆ دەنێرێت ، چامەکەی نالی 42 دێر بووە ، چامەکە بە نێستاڵێژیەك بۆ نیشتیمان , سلێمانی دەسپێدەکات :
قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرووڕ
ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور
دکتۆر خەزنەدار2003 لە ل45-46 ی بەرگی سێهەمی کتێبی (مژووی ئەدەبی کوردی)دا , باس لە هێی مانەوەی نالی لە شام دەکات . لە سەردەمی میرنشینی بابان دا , سلێمانی ناوەندی کودەتای میر و میرگڕیی بووە : بۆ نموونە لە ساڵی 1844 دا ئەحمەد پاشای بابان

لە کۆشکی میرایەتی لادراوە و عەبدوڵڵا پاشا بە هۆزی عوسمانی لە جێی داندراو و ئەحمەد پاشا ئاوارە و دەر بەدەر بوو , نالی لەو کودەتایەدا سڵمانی چۆڵ نەکردووە , بەڵام لە نەگبەتی ساڵی 1851 دا نەگبەتیەکە لەوە دابوو ڕوخانی میرنشینی لۆکەوتەوە و سڵمانی کرایە قەزایەك لە ویلایەتی شارەزوور. دەوڵەتی عوسمانی عەبدوڵڵا پاشاشی لادا و پیاوی خێی لە شوێنی دانا .” لەو ماوەیەدا نالی لە حەج بوو , کە ئەو ڕوداوەی دوایی ڕوویدا , نالی نەهاتەوە سڵمانی بەکو لە شام گیرسایەوە .

ئەو گۆڕینەی سڵمانی بە (قەزا) و هەڵوەشانەوەی میرنشینەکە , سالمی هاوڕێی نالی هانداوە بە نامەیەك و چامەیەك کە بە (جانم فیدای سروەکەت ..) دەستپێدەکات نالی ئاگادار بکاتەوە .

نالی –شام دەبێتە ئەو مەلا کوردەی ، ڕەتی ئەو ستەمە نەتەوەییە دەکات , شانازی بەوە دەکات کە کوردە و بە کوردی شیعری وتووە :

تەبعی شەککەرباری من کوردی ئەگەر ئینشا ئەکا
ئیمتیحانی خۆیە مەقسوودی لە عەمدەن وا ئەکا
با لە مەیدانی فەساحەتدا بە میسلی شەهسوار
بۆ تەئەممول بەم هەموو نەوعە زبانی وا ئەکا

بڕوانە کەیی 2008 , ل580 باس لەوە دەکات کە ئەحمەد پاشای بابان لەگەڵ خێی بۆ ئەستەمبۆلی بردووە هەروەها (کارێکی میریی) بۆ دڵزیتەوە .

کەواتە نالی شام هەڵگری تەواو نالیەکی شۆرشگێری کەلامیە , کە بە دەسپێکەری ناسیۆنالیستی دەرەکی کوردی ئەژمار دەکرێت : کورد بەرانبەر تورك ! بە جۆرێك دەتوانین بڵێین لە شامەوە دەقی ناسیۆنالی کوردی هاتە نێو دەقی شیعری کوردی .

خەزنەدار 2003 , ل 46 دەڵێت : (خەدزکە)ی زمانەوان زانیویەتی زانایەکی گەورەی کرمانجی ناوەند(مەبەست نالی یە) لە شام دەژی , بەڵام دوای گەرانەوەی نالی لە حەج چێتە ئەستەمبۆل , بۆیە ئەحمەد پاشا یارمەتی زانستی و زمانەوانی (خەدزکە)ی داوە. ”

سێیەم , نالی –ئەستەمبۆل

سەججادی لە لاپەرە (336) ی مێژووی ئەدەبی کوردی , دەنووسێت : ” حاجی قادری کۆیی لەگەڵ کەیفی شاعیر لە ساڵی 1854 بەرەو ئەستەمبۆل دەچێت .” هەروەها هەر سەججادی لە لاپەڕە (246) ی هەمان کتێبدا , دەنووسێت : ” نالی لە 1830 دەچێتە حەج و پاشان دەگەڕێتەوە بۆ شام و لەو دەمەدا میرنشینی بابان دووچاری هەرەس دەبێت , سالمی شاعیر نامە و چامەیەکی بۆ دەنێرێت و تێیدا دەڵێت سڵمانی کەکی

گەرانەوەی نەماوە , بۆیە نالی شام بەجێدەهێڵێت و بەرەو ئەستەمبوڵ دەچێت , کەچی خەزنەدار 2003 , ل47 ئەو چوونەی نالی بۆ حەج دەگەڕێنەتەوە بۆ ساڵی 1851 هەروەها سەججادی باوەڕی وایە کە نالی ساڵی 1855 کۆچی دوایی کردووە .” کەچی خەزنەدار , دەنووسێت لە 1856 مردووە . بڕەکەیی 2008 باوەڕی وایە نالی لە تەمەنی 83 ساڵی کۆچی دوایی کردووە , (بڕەکەیی , ل575) حاجی قادریش لە تەمەنی 77 ساڵی لە ئەستەمبوڵ کۆچی دوایی کردووە , (سەججادی , ل 336)
کەواتە لە نێوان ساڵانی 1854 و 1855 کە حاجی قادر و نالی ئاوارە بوونە لە باکوور , بۆیە دەپرسین : دەبێ ئەو زاتانە یەکتریان بینی بێت ؟ ئەو یەکتربینە زۆر گرینگە, چونکە لایەکی شێوە شیعری نالی لە ئەستەمبوڵ پیشان دەدات! مارف خەزنەدار 2003 , ل47 لە وەرامی ئەو نیگەرانیە دەڵێت : ” حاجی قادر لە دە جێگە لە شیعری ناو دیوانیدا یادی نالی کردۆتەوە و بە چاوێکی بەرز تەماشای کردووە و بە گەورەی شاعیران ناوی بردووە .”
لە پرسی لە دایکبوونی نالی دا زۆربەی توێژەرانی وەك سەججادی و خەزنەدار و مەسعود موحەمەد و مودەریس زۆر لە یەك نزیکن، بەڵام لە پرسی مردنی زۆر لە راستی دوورن ، چونکە نالی لە تورکیا –دوور لە چاوی خەڵکی باشوور مردووە.
لە هەمووش گرینگ تر , گەر سەججادی , ل 243 واتەنی نالی لە 1797 لە دایك بوو بێت , بڕەکەیش واتەنی لە تەمەنی 83 ساڵی واتە ساڵی1880 کۆچی دوایی کرد بێت , کەواتە هەموو ئاپەڕینە کوردیەکانی باکووری کوردستانی وەك ئاپەرینی بەدرخان , عزەدین شێر لەوانەیە شێخ عوبێدەلاشی وەك حاجی قادری کۆیی (1892 مردووە) بینی بێت , چۆن دەبێ نالی ئەستەمبوڵ وەك نالی سلێمانی بوو بێت وەك نالی شام نەبێت؟؟؟
هەموو ئەوانەی مێژووی ئەدەبی کوردیان نووسیوە , وەك عەلائەدین سەججادی -1952 , دکتۆر مارف خەزنەدار 2003 , سدیق بڕەکەیی (سەفی زادە) 2008, دکتۆر عزەدین مستەفا رەسول 2012, چەند زانیاریەکی کەم لە سەر ژیانی نالی لە باکووری کوردستان یان ئەستەمبوڵ تۆمار دەکەن , وەك :
1. سەججادی لە لاپەڕە 257ی (مێژووی ئەدەبی کوردی) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات هەر سێ چاپی یەکەم 1931 و دووەمی 1948 و سێیەمی 1962 دیوانی نالی لای کوردی ڕەژهەڵات بووە بە ناوی کوردی مەریوانی , عەلی سنەیی , گیو موکریانی , نەك باشوور , ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت , کە ئەو دیوانانە دەقی سلێمانی و شام و باکووری کوردستان لە خۆ گرتووە.
2. سدیق بڕەکەیی –سەفی زادە کە لاپەڕە 575-588ی بەرگی دووەمی (

مۆزووی ئەدەبی کوردی)بۆ نالی تەرخانکردووە. بە پێی سەفی زادە ئەم دەقە , کە لە دوا بەرهەمەکانی نالی یە لە باکوور دا , ئاماژە بەوە دەکات نالی زۆر پیر بووە , بە جۆرێك قژ سپی و چاو کز بووە وەك دەڵێت :

مووی سپی کردم بە شووشتن ئاوی عەینی شەرە شەگ
شەرە شەگ یەعنێ کە تێدا خۆ بە خۆ قەل بوو بە بەگ

3. دکتۆر مارف خەزنەدار , یەکێ لەو کەسانە بوو کە بە نالی ناس وەك عەبدەلکەریمی مودەریس و مەسعود موحەمەد حسێبی بۆ دەکرا , نەك تەنیا کێکەرەوەی دیوانەکەی نالی !

بە قسەی مارف خەزنەدار 2003 , ل46 نالی تەنیا 3 ساڵێك لە باکوور یا ئەستەمبۆل بووە , ئەو باوەڕی وایە نالی هەتا ساڵی 1853-1854 لە شام بووە و لە 1856 کۆچی دوایی کردووە. هەروەها دکتۆر خەزنەدار , ل 46 باوەڕی وایە نالی لە ئەستمبۆل بزر دەبێ !

4. دکتۆر عزەدین مستەفا ڕەسول

لە شێوەی ئەم دەقەی نالی –دا

فارس و کورد و عەرەب هەر سێم بە دەفتەر گرتووە
نالی ئەمڕۆ حاکمی سێ مەکە , دیوانی هەیە

ئەم مەرج (زانینی زمانی دی) و پێوەرە , نالی ئەستەمبۆلی وە لێکردووە , کە چوار زمان بزانێت , ل 7-8 و شیعرەکە وای لێدێت:

فارس و کورد و عەرەب و تورك هەر چوارم بە دەفتەر گرتووە
نالی ئەمڕۆ حاکمی چوار مەکە , دیوانی هەیە.

ڕایەکەی خەزنەدار ناڕاستەوخۆ لای دکتۆر عزەدین و بۆرەکەیی و مەسعود موحەمەد و مەلای گەورە ڕەتدەکرێتەوە , چونکە نالی بە 3 ساڵی فێری تورکی نابێت و شیعری پێ بنووسێت , یان مەلای گەورە واتەنی بە 56 ساڵی ئەوەندە پیر بێت ؟؟ یان نالی واتەنی ڕیش سپی و چاو کز بێت!

نالی و میرانی کورد

بۆچی نالی – ئەستەمبۆل بێوە نالی- سلێمانی , نەك نالی –شام؟

نالی لە پاش چوونی یەکەم بۆ حەج , ماوەیەك لە شام بووە , لەوێ لە ڕێی دەسەڵاتی تورکی بێتە ناسیۆلیستێکی فیودالی , شەڕکی کەلامی لەگەڵ هەڵگری ستەمی نەتەوەیی تورکی کردووە , بەمجۆرە دەقەکانی شام بوونە هەڵگیرسێنەری نێستالیژیا و ناسیۆنالیزمی کاردانەوەی کوردی .

چوونی نالی بۆ ئەستەمبۆل و مانەوەی لەوێ وەك هەوارێکی تر لە وڵات , نالی لە بەر چەند هۆکارێك گەیاندێتەوە بۆ نالی سلێمانی دیندار

و غەزەنووس :
1. هەوەستی ئەحمەد خانی
دکتەر عزەدین مستەفا 2008 , ل 112 کەپلەشیعرکی خانی دەگوازتەوە :

ابت ژ مەژی جیهان پەناهەك
پەیدا ببیتن مە پادشاهەك
شیری هونەرا مە بتە دائنین
قەدری قەلەما مە بتن زانین
لە نەزەر خانی میری کورد مشەن , بەام ئەوانەی داوای دەوەت دەکەن , کەمن . ەفیق صابریش لە(بەرەو مژوو) دەت " مژووی کورد ناوچەگەرییە , نەك سەرتاسەری " هەروەها ئەو میرانەی خانیش " قەدری ئەهلی قەەم ناگرن"

2.ناتەیایی میرانی کورد

موحەمەد ئەمین زەکی 2000لە ل 158-9 دەگوازتەوە کە عەبدلرەحمانی بەبە چەند جارك شەی والی بەغدا ی کرد , بەام خالدی برای بووە هکاری فەشەلەکەی " هەروەها نووسەر لە هەمان کتبدا, ل 163-4 ئاماژە بە هەوی ئەحمەد پاشای بەبە دەدا بەوەی هزکی گەورەی بەرانبەر سوپای عوسمانی ئامادە کرد , بەام بە هی خیانەتی مەحمود پاشای مامی فەشەلی هنا . ئەو مەحمود پاشایە پیاوی عەجەم بوو وە عەبدوا پاشای برای پیاوی بەغدا (دەوەتی عوسمانی)بوو!!" هەر ئەویش بوو لە هەرای 1844 کودەتای لە سەر ئەحمەد پاشا کرد و هاتە جی .
زانینی ئەو استیە تاە وای لە عەلائەدین سەجادی 1959کردووە , کە لە لاپەرە41ی کتبی (شرشەکانی کورد و کماری عیراق) بت : " بایانیەکان لە نو خیاندا بەرئەبوونە یەك , برا , برای ئەکوشت , مام , برازای سەر ئەبی !!" دکتەر ەفیق صابریش لە کتبی (بەرەو مژوو) دا دەنووست : میرەکانی بابان (ماباتی میرەکان)سلمانیان کردبووە شونی تەاتنی سوپای عوسمانی و قاجاری! کەواتە کوردستان خاوەن مژووکی سەرتاسەری نییە, بەکو ناوچەگەرییە!
لە لایەکی تر , خیانەتی میرانی کورد لە باکووریش لە یەکتر, خاکی دی ساردکردنەوەی نالی بوو لە بزاقی ناسینالیزمی . بەدرخان پاشا لە باکوور بە دەسیسەی مسینەرەکان لەگە عوسمانیەکان کەوتە شەوە , عزەدین شری (برازای , خزمی , نەیاری) لەگە لەشکری کەوتە لدانی بەدرخان پاشا هەتا پاشا خی و دوو کوی بە دیل گیرت

و لە وڵاتی کوردان نەفی کردن!
موحەمەد ئەمین زەکی لە لاپەرە 167 باس لەوە دەکات , کە عزەدین شێری رەقیبی بەدرخان لە پاش ماوەیەك ئەویش لە دەوڵەتی عوسمانی یاخی بوو , بەناوی " یاخیبوونەکەی " ئەو لە ساڵی 1864 کوژندرایەوە."
ئەو ململانێ کوردییە ، نالی لە شیعری شەرشگێری سارد کردەوە و جارێکی تر بەرەو (نالی –سلێمانی) گەرایەوە .
ئەو دوورکەوتنەوە یە لە دەقی ناسیۆنالی کوردی , مەسعود موحەمەد وێنەیەکی نالی دیندار لە تەمەنی پیری دا بگوازێتەوە : سدیق بێرەکەیی –سەفی زادە 2008 , لە ل575 دەنووسێت : " مەلای گەورە بە زەر پیری نالی لە حەج بینیوە , ەنگە تەمەنی هەشتا ساڵ بوو بێت …" کەچی سەجادی 1952 لە مێژووی ئەدەبی کوردی دا دەبێژێت نالی –سلێمانی لە تەمەنی 33 ساڵی واتە 1830 بەرەو حەج دەچێت , کەواتە نالی –سلێمانی لە گەنجی و نالی – ئەستەمبۆلی , لە پیری چێتە حەج . کەواتە نالی بە لای کەمیەوە دوو جار حەجی کردووە : جارێك لە گەنجی جارێك لە پیریی .

پوختە

نالی ، رابەری شیعری کلاسیکی کوردی لە بەر دوو هۆکار :
1.ململانێی میرانی کورد لە سەر یەکتر نەخوێنەوە،
2.ستەمی سەرانی عوسمانی لە کوردستان
واز لە ەوتی هزری و سیاسی بێنێت ، ژیانی خێی لە دینداری کورت بکاتەوە ، بۆیە لەوانەیە (حاجی قادری) نەبینیبێت چونکە لە ناو (بەدرخانییەکان) بووە ، حاجیش تەنیا لە دووڕەوە شەیدای شیعرەکانی بووبێت .
ئەو دینداریە دوور لە سیاسەتە لە بیستەکانی سەدەی بیستەم دووبارە بۆوە . کەسێکی وەك مەلا سەعیدی کوردی نەك هەر لە رەوتی کوردایەتی دوور کەوتەوە بەکو ناوەکەشی گێی بێ (شێخ سەعیدی نورسی) هەروەها ەحمی هەکاری، نوکەرەوەی شیعری کوردی لە باکوور تەواو شونپێی نالی و نورسی بکەوێت !
هەروەها بە پێی ئەم شیکارییە (نالی) بە لای کەمەوە دوو (حەج)ی کردووە هەروەها نالی لە ئەستەمبۆل لە کاری میری فەرمانبەر بووە . لەوانەیە ئەو کارەش کاری ئایینی بێ .

سەلام ناوخۆش \ماموستای زانستگا

حەلال و حەرامی ئیستیعمار سەلام ناوخۆش

زۆر هەوشی سیاسی هەیە ئاراستەی حەلال و حەرام دەگۆڕێ ! حەلال و حەرام تەنیا لە خواردن و خواردنەوە نییە. لە ئیسلام حەلال و حەرام تەنیا لە دوو چەمکی (ئەرێ) و (نەڕێ) کورت نەکرایتەوە ، بە واتای فلان شلە و ئاو بخۆ و بخۆوە ، فیسار مەخۆ و مەخۆوە . لە فۆنەتیکی هەردوو وشەدا (گۆکردنی هەردوو وشەی حەلال و حەرام)دا دەردەکەوێ بەشی حەلال زۆر زیاترە لە پشکی حەرام! پێش ئیسلام ، هاهیب و ئەحبارەکان بە ئارەزووی خۆیان سنووریان بۆ حەلال و حەرام دەکێشا ، بە جۆرێك لای هەندێ پیاوی پەرستگا حەلال و حەرام پەیوەندی بە ئیقتیصادە هەبوو !

کوردەواری جوانی وتوە " دینی موحەمەدی بە ئاشکرا خۆشە" ، بۆیە ئەم دینی موحەمەدە بە ئاشکرا و هاشکاوی دەڵێ : ئەوەی بۆ تۆ حەلالە ، بۆ منیش حەلالە ، بە پێچەوانەکەشی دروستە!
دوای ئەوەی ئیستعماری نوێودەوڵەتی چەندەها ئیستعماری لۆکەڵی بەرهەم هێنا ، شەرمی لە ئیستعماربوونی خۆی کرد و بارگەی خۆی تۆکنایەوە ! ئیستعماری لۆکەڵی وەك دەسەڵاتی تورکی و عەرەبی و فارسی نەوعی ئیستعماری نوێودەوڵەتی نییە : ئەوە هەموو شتت داگیردەکات و لە هۆاڵەتیش خۆی بە دیندار دەزانی !

لە 25ی نۆ زۆربەی کوردی باشوور لەگەڵ پێکهاتە ئایینی و نەتەوەی تر بە تۆژەی (92%) بۆیاریدا ماڵی لە عەرەبی عێراق جیا بکاتەوە ، قیامەت قەوما! چۆن دەبێ میللەتێك خاوەن جیوگرافیەکەی داخراو بێ ، داوای سەربەخۆیی بکات؟ لە مێژە هەرسۆ حوکمرانی هاوسۆ ، کە بە نیسبەت کورد ئیستیعماری لۆکالین، تەمەتی ئیسرائیلی دووەم بۆ کورد دادەتاشن ، ئەمجارە وتیان نەمانگوت : سەیرکەن کوردەکان لە دەرەوە و هەندەران ، ئاڵای ئیسرائیل بەرز دەکەنەوە!! شەناوی هەحمەتی لە نۆوەدەکان دەیوت : الاکراد یتامی المسلمین ! بۆچی ژمارەیەکی کەمی کورد ئاڵای ئیسرائیل بەرز دەکەنەوە؟! لەو هەموو دەوڵەتە موسڵامانشینە یەکێ وەك ئیسرائیل بە ئاشکرا وتی : من لایەنگیری کوردانم؟! ئۆوە سەننە و شیعە و سەلەفی و ئیخوانگی خۆنی یەك فۆ

دەکەن ، بۆ لەمەدا بوونە یەك؟!

ئەمڕۆ مامۆستایەکی زانکۆی جوولەکە لە ئیسرائیل لە دیدارێك وتی : دوێنێ ئەمیرێکی سعودی لە ئیسرائیل بوو ؟! چی دەکرد؟ دەعوەی لەگەڵ سەرۆکی ئیسرائیل دەکرد! دەوڵەتەکەی سیسی هەتا پێیکرا موسڵمانی گەنجی کوشت و ئەونیتری لە زیندان رزاندەوە ، دوێنێ وتی : من لەگەڵ عەبادیم ، ئامادەم ئابلوقەی فڕین لە سەر کوردستان پەسەند بکەم ! لەو وڵاتەش نەك ئاڵای ئیسرائیلی بەکو پیاوی ئیسرائیل تەڕاتێن دەکەن!

ئەو هەموو دەوڵەتە ئیستعماریە زۆربە لە ئایدیۆلۆژیا لە ستراتیژیەت ، لە بەرانبەر کەسی تر لە بەرانبەر دینی خودا ، لە ئیسرائیل خراپترن ! کام دەوڵەت لەو دەوڵەتانە بە ئاشکاوی دەڵێت : من لە سەر بەرنامەی قورئانم ؟ ئیسرائیل بە ئاشکاوی دەڵێ : من دەوڵەتکی تەوراتیم!
بوونی ئەو هەموو دەوڵەتە ئیستعماریە بوونەتە بار بە سەر ئیسلامەوە و تەواو پێچەوانەی گوتاری قورئانەوەن ، بوونەتە ئاهیبی زەمانە هەر خۆیان حەلال و حەرام دیار دەکەن و دەڵێن : بۆ ئێمە ئاسایە چەندان دەوڵەتمان هەبێ ، بەڵام کورد بۆی نییە دەوڵەتکەیەکیشی هەبێ! نووسەری
The First Muslim
دەڵێت : موحەمەد زیندووبێتەوە ئەوەندەی شەڕی ئەوانە دەکات ، شەڕی کافران ناکات!!!

پۆست ئیفراندێم … سەلام ناوخۆش

پۆست کریتیسیزم ، پۆست مۆدرنیزم ، پۆست سیکیولاریزم …پرانسیپ و ئەدگاری خۆیان هەیە . بە دیدی من پۆست ئیفراندێم هەم لەگەڵ ئەو سێیە دان ، هەم لەگەڵ پۆست ئار (پاش شە) ، بە واتای بەشی یەکەم پرانسیپ و ئەدگاری خۆی هەیە ، بەشی دووەم قۆناغێکی سیاسی و ئابووریە.
لە پۆست ئیفراندێمەدا ، کۆشە سیاسیەکان لە نێوان باشووری کوردستان و ئیران و تورکیا و عیراق ئاڵۆزتر دەبن ، بەڵام فاکتەری

ئابووری وەدەکات ، نە ئیران نە تورکیا بێ یەکتر چێ ناکەن . دەوڵەتێکی وەك ئیران 6 ملیار یەکی وەك تورکیا 8 ملیار بازرگانی لەگەڵا کوردستان هەیە ! وێای ئەوەش دراوی ئەو دوو دەوڵەتە لە هەوشێکی هەرە خراپ دان ! بۆیە هەر ئیمبارگۆیەك هەڕەشەی زیاتر لە بەهای دراوەکەیان دەکەن ! ئەمەش گەر بزانین ، هەوشی ناوخێ و نێودەوڵەتی ئەو دوو وڵاتە لە هەوشێکی ئەوتێ نیین حەسودیان پێ ببردرێت!
عێراق دەورێکی پاشکۆیی دەبینێت ! گەر ئیران هازی بێت ، شیعەی عیراق هیچ ئارشەیەکی جیوگرافی لەگەڵا باشووری کوردستان نییە . ئەو هاتوهاوارەی عەبادی بێ مەرگی سیاسی خۆیەتی نەك هەڕەشە بێ بە سەر کوردستان . لە لایەکی تر ناوەرێت حەشدی شەعبی بجوڵێنێت نەك بە زەرەری خۆی تەواو بێت!
ئەو هەموو گورگە لە چواردەورەی کورد هەیە ، کورد لە سەریەتی گورگ بێت بێ ئەوەی گورگەکان بیخۆن یا ئازاری بدەن!
بە کورتی ، هێای من ئاوایە کە قۆناغی پێست هیفراندەم وەك گولیەکی لە تفەنگ دەرچووە ، دوور یا نزیك کوردی باشوور لەگەڵ پێکهاتەکانی (لە میساقی میللی) هەنگاو داوێ بەرەو سەربەخۆیی و چارەنووسی شێخ مەحموود 1918-1919 ، 1922-1924 و قازی موحەمەد 1945-1946 و مستەفا بارزانی 1970-1974 نابێت!

سەلام ناوخۆش \ مامۆستای زانستگا

چۆن حیزبەکان پەرتبوونە، ئێوە پەرت مەبن ! … سەلام ناوخۆش

لە پاش هەرەسی هەرسێ ئەزمونی حوکمداری شێخ مەحموود 1918-1924 ، قازی محەمەد 1945-1946 ، مەلا مستەفا 1970-1974 ، ئەزموونی حوکومەتی هەرێم ئەزمونێکی دی حوکمداری کوردییە .
هەرسێ حوکمداریەکەی پێشوو ، جگە لە هێکاری دەرەکی قوربانی ململانێی سیاسەتمەدار و رۆناکبیری کورد بوون ! بێ نموونە زۆربەی ناڕۆناکبیری کورد پێش 1991 وا وێنەی شێخ مەحموودی لە زاکیرەی خوێنەری کورد وێناکردبوو کە پیاوێکی دەرەبەگی دیندار بووە ، هەر

دینیش وەیلەکردووە تاقە لەگەڵ ئینگلیز نەکات !!

لە ڕاستیدا شێخ مەحموود نەك هەر تاقەی لەگەڵ ئینگلیز کردووە ، بەڵکو ئینگلیز هەر لە کەرکوك بوو بە نهێنی نامەی بۆ ئینگلیز هەنارد هەروەها لە بەرایی بیستەکانی سەدەی بیستەم سێ نامەی بۆ (فلادمیر لینین) سەرکی یەکەم دەوڵەتی شیوعی هەنارد . لازاریف لە بارەی ئەو نامانەی شێخ دەڵێت :" لینین نەیدەتوانی وەڵامی شێخ بداتەوە چونکە دەرەبەگی دیندار بوو ، ئەویش کۆمۆنیست بوو…" ئەو پاساوانە تەنیا لە گیرفانی کۆمۆنیستەکان هەیە ، ئەگەرنا پاشای ئەفغانی کۆمۆنیست و نا دەرەبەگ بوو! کە وەرامی دایەوە !
زۆربەی ئەوانەی لە ڕەوتی شێخ هەگەڵانەوە بوونە پێستداری حکومەتی عێراقی بە جۆرێك هەر یەکێك لەو ڕێناکبیرانە دامەزرێنەری سوپای عێراقیە یەکی تر وەزارەتی مەعریفەی ئاوەدان کردەوە !!
لە پاش 1991 لە دژی هەبوونی (مەلا مستەفا) لە دەڤەری زەرد ، لە دەڤەری کەسك وێنەی شێح مەحموود زیندوکرایەوە!

لە ماوەی 1925-1958 چەندان پەرلەمانتاری کورد لە بەغدا دروست بوون ، بەڵام ئەوانە نوێنەری دەڤەر و عەشیرەتی کوردی بوون ، نەك حیزب و ویستی کوردی! لە ماوەی 1958 هەتا 1970 کەسانێك لە دەسەڵاتی بەغدا دەرکەوتن ، کەسێك لەوانیش جورئەتی ئەوەی نەکرد قسە لە سەر دۆزی سیاسی کورد بکەن.

ئەو کوردانەی لە 1975 هەتا 1990 لە پەرلەمانی عێراق و تەشریعی کوردستان دەرکەوتن ، هیچ وەك حەسەن خەیری و برنجی…وابوون!!
لە 2004 هەتا 2017 کوردێکی زۆر لە پەرلەمان و حکومەتی عێراقی دەرکەوتن کە سەد لە سەد نوێنەری حیزبی کوردی بوون !
ئەو برادەرانە چەندەها پێستی گرینگیان داگرت لەوانە سەرۆك کۆمار ، جێگری سەرۆك وەزیران ، جێگری سەرۆك پەرلەمان ، وەزیری دەرەوە ، وەزیری مالیە،…..لە سەرەوەی 60 پەرلەمانتاری کورد…ئەو هەموو حەشاماتە نەیانتوانی تەنیا یەك گوند ، کورە بێ بستێك زەوی کوردی بگێڕنەوە!

لە تازە بە سەرۆك وەزیران بوونی مالیکی ، لە ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان بەندە لەگەڵ چەندەها مامۆستای زانکۆ بە دیداری مالکی گەیشتین. لەو دیدارە دکتۆر عوسمان ئەمینی ڕەحمەتی وتی :" جەنابی مالکی لوتفت هەبی سەبارەت بە کورد بە تایبەتی شاری هەولێر شەهادەی پێداوی! .." مامۆستایەکی تر وتی :" جەنابی مالکی بۆ ئەوەی کورد لە نیەت سافی جەنابت بگات ئەوە چەند ساڵکە (

شارچکەی مەخموور) خراوەتە سەر (موصل) بە نوکە قەڵەمێك بیگەڕێنەوە سەر (هەولێر)!
مالکی وتارێکی مەتاتی دا ، مامۆستایەکی برادەر لێی پرسیم : ئات دەربارەی قسەکانی چییە؟ وتم : صەدامێك –ە لە قالبی مالکی!
برادەران : کەس دڵستمان نییە لە عیراق! ساڵی 2004 هەمان قسەم لە سەتەلایتێك کرد ، بەرامبەرەکەم وتی : سەلام زۆر هەشبینە ، ئەگەرنا سەدان کەسی وەك عەمار حەکیم دڵستمانن!!
کاك عەمار هەر چ نەکردبێ بە ئاستەوخۆ و ناراستەوخۆلە بەردەم نوێنەرانی کورد هەڵەشەی لە جیابوونەوە و ریفراندۆمی کوردستان گرت ، کەس متەقی لێوەنەهات دکتۆر مسەنا نەبی ، بەمەش نوێنەری کوردی کردە سێ پارچە :
پارتی ، یەکێتی-گۆران-کۆمەڵ ، یەکگرتوو

پوختەی قسان
چۆن هیچ چاوەڕێ نیم لە حکومەتی کوردستان دە ئەوەندەش چاوەڕێی هیچ نوێنەرێکی کورد نیم لە بەغدا چونکە لە 2004ەوە هەتا ئێستا نەیانتوانیوە تەنیا گوندێك بە قانون بخەنەوە سەر کوردستان …بە ئاستی ئەوەندە هاوڵاتیەك پەستم لێتان وەختە بڵێم شیعری (ئەی وەفدی کوردستان-پیرەمێرد) و (شیرین بەهارەی هەژار! لە ئەدی (بلە)تان) لە سەر تەتبیق دەبی! پێشمەرگەی موچە 500 هەزار بە خوێنی 2000 پێشمەرگە توانی بەشکی زۆری ناوچەی داگیرکراو رزگار بکەن کەچی ئێوەی موچە 12ملیۆن دینار بە 12 ساڵ یەك گوند بە قانون ڕزگار بکەن !
بەس نییە! ئەمە نەقدی شێخ مەحمود و مەلا مستەفا و سمکۆ…مان دەکرد بەوەی هیچیان بۆ نەکردینە ئەڕێ ئێوە چ دەکەن ؟ هەتا قیامەت چاوەڕێ بین؟!
تکایە خەڵك وەك حیزبەکان مەبن …با چیتر نەتانکەنە مەڵ!

سەلام ناوخۆش \ مامۆستای زانکۆ

ڕۆژنامەی پێشکەوتن : یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە کوردستاندا

پێش 97 ساڵ لە سلێمانی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە کوردستان دەرچووە

پ. ی. سەلام ناوخۆش-زانکۆی سەلاحەدین

لە قۆناغی شەو و ئاشتیدا، چەندەها ئۆفسەر و کارمەندی ئینگلیز هاتونەتە کوردستان، لەنێوان ئەواندا، میجەرسۆن وەک کوردیزان و کوردناس و سیاسەتمەدار و ڕۆژنامەنووسێک لە هەموویان زیاتر ناسراوە. ماوەیەک بەناوی خوازراو خۆ بەکورد و موسڵمان لە کوردستان ژیاوە. ماوەیەک لە بەغدا ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) بە کوردی دەرکردوە. لە کوردستانیش یەکەم کەس بووە کە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە کوردستان دەربکا. ماوەیەکیش بەتایبەتی لە ساڵی 1919وە هەتا هاتنەوەی شێخ مەحمود حاکمی سلێمانی بووە.
ئەم کورتە نووسینە کە لە سێ بەش پێکدێ، هەوڵێکە بە دەرخستنی چەند لایەنێک لە ژیان و هەڵوێستی میجەرسۆن.

لە بەشی یەکەمدا باس لە میجەرسۆن و زمانی کوردی کراوە. لەو بەشدا باس لەوە کراوە کە سۆن لەپێناوی بەرژەوەندی وەاتەکەیدا کوردیەکی وا فێربووە کە بە دەگمەن گومانی پێ ببردرێ کە کورد نەبێ. لە بەشی دووەم باس لە هەڵوێستی سۆن لە حوکمداری شێخ مەحمود و هەندێ مەسەلەی دی پەیوەست بە کوردەوە کراوە. لە بەشی سێیەم باس لە هەوڵی ڕۆژنامەگەری کوردی لەدوای میجەرسۆن کراوە.

میجەرسۆن و زمانی کوردی:

میجەرسۆن لەساڵی 1898 بە پلەی شەرەف زانکۆی کامبریج تەواو دەکا. زەر ئارەزووی زمانی ڕۆژهەڵاتیکانی هەبووە. دام و دەزگای دەوڵەتی بەریتانی بە ئەوەی سود لەکەسانی وەک سۆن ببینێت، لە ساڵی 1902 سۆن دانەرێتە ئێران، لەوە هەر بە ساڵێک فێری زمانی فارسی دەبێ.(1) بە ئەوەی زیاتر لەئێران و کوردستان جێی خۆی بکاتەوە، لە ساڵی 1905 بەساختە موسڵمانبوونی خۆی ڕادەگەیەنێ.
لە بەشکوردستانی بندەستی ئێراندا خۆی فێری زمانی کوردی دەکا. بەحوکمی ئەوەی فارسی و کوردی دەزانێ، بۆیە دەتوانێ بە ئاسانی خۆی بگەیەنێتە دەڤەری سلێمانی و هەڵەبجە. لە کوردستان ناوی دەگۆڕێ و

ناوی خۆی دەکا بە میرزا غولام حوسێنی شیرازی. ناوەکە تەواو فارسیە. بەم ناوە لە هەژدەجەم دەیەتە دەستی عوسمان پاشای جاف و عادیلە خانم. زۆر هاموشۆی خۆکی کردووە، چۆتە هەموو دیوەخان و مزگەوت و بازاڕێک بەجۆرێ دەڵێ "میستەر سێن سێری بچوایە نوێژ و ڕۆژی نەدەچوو".(2)
مەجەرسێن لەو گەشتەیدا کە خۆی ناوی ناوە گەشتێکی شاراوە بۆرو میسۆپۆتامیا و کوردستان، زانیارییەکی زۆری لەبارەی زمان و داب و نەرێت و هۆشت و ئاکاری کوردەوە کۆکردەتەوە.

لە دوو هەڵوێستدا، عوسمان پاشای جاف گومان لە کوردێتی سێن دەکا. یەکەم عوسمان پاشا فەڕەنسی دەزانی و کتێبی فەڕەنسی دەخوێندەوە، جارێکیان سێن پرسیاری لە دەکا دەڵێ جەنابتان کتێبی فەڕەنسی دەخوێننەوە؟ ئەوە فەڕەنسی زانن؟ یەکسەر عوسمان پاشا لێی دەپرسێ تۆ چۆن دەزانی ئەم کتێبە فەڕەنسیە؟ سێن لە وەڵامدا دەڵێ من پێشتر لای پیاوێکی فەڕەنسی ئیشم دەکرد، لەوێ هێندێ فەڕەنسی فێربووم. بەڵام ئەم وەڵامە نەیتوانی تەواو گومانی عوسمان پاشا لەسەر سێن لابباە.
"، یەکسەر گومانەکەی عوسمان پاشا دەبێ بە یەقین، بۆیە لەلای خۆی دەری دەکات و (3) پاش ماوەیەک بەدزی بەرگەی پردێ- کەرکوک بەرەو بەغدا دەچێت و، لەوێشەوە دەگەڕێتەوە.ONدووەم جارێک لەنەوان سێن و عوسمان پاشا گفتوگۆ لە سەر شتێ دەبێ، سێن لەبریتی بڵێ "نا" دەڵێ "نێ
لە سەردەمی جەنگی جیهانی دا 1914-1918 جارێکی تر مەجەرسێن لەعێراق بەدەرکەوتووە، کە ئینگلیز لە 11/3/1917 بەغدای داگیرکرد، ڕۆژنامەیەکی بەناوی (العرب) لە 4/7/1917 دەرکرد. لەپاش ئەوەی هێزی داگیرکاری ئینگلیز لەخواروی کوردستان نزیک بووەوە ئەو لە بەغدا لە 1/1/1918 ڕۆژنامەیەکی بەناوی (تێگەیشتنی راستی) بڵاوکردەوە. لەژێر ناوی ڕۆژنامەکەدا نووسراوە: "ڕۆژنامەیەکی سیاسی و ئیجتیماعی و خادیمی یەکبون و سەربەستی کوردانێ".(4) زۆربەی تەوژمەوانی کورد لەو باوەڕەدان کە ئەو ڕۆژنامەیە مەجەرسێن و شوکری فەزڵی دەریان کردووە. هەر بە زیاتر دەنیابوون لە سەر هێڵی سێن لەو ڕۆژنامەیەدا ئەوا ئیدمەنز لە وەڵامی نامەیەک بە تەفیق وەهبی دەنووسێ: "تێگەیشتنی راستی ئەرگانی پەوپاگندەی سیاسی بەریتانی بوو، میستەر سێن سەرپەرشتی دەکرد".
لە 1/1/1918 هەتا 27/1/1919 شەست و حەوت ژمارە لەو ڕۆژنامەیە دەرچووە. سێن ئەزموونکی باشی لە تێگەیشتنی راستی وەرگرت، پاش ئەوەی ڕاپێنەکەی شێخ مەحمود لەمانگی حوزەیرانی 1919 هەرەسی

هێنا، سەن بووە حاکمی راستەوخۆی سلێمانی و لە نیسانی 1920 هەتا تەموزی 1922 سەد و هەژدە ژمارەی لە رۆژنامەی (پێشکەوتن) دەرکرد، لەو ماوەیەدا رێگی بەرچاوی سەن لەبواری گرنگیدان بەزمانی کوردی دەردەکەوێ.

1- چاپخانەیەکی بە پیتی عەرەبی هێنا بۆ سلێمانی و رۆژنامەی پێشکەوتنی پێ دەردەکرد لەپاشان هەر بەو چاپخانەیە رۆژنامەکانی دی سلێمانی وەک بانگی کوردستان و رۆژی کوردستان و بانگی هەق و ئومێدی ئیستقلال و ژیانەوە... دەرچوون.
2- زمانی کوردی کردە زمانی فەرمی لە سلێمانی هەتا فەرمانێکی دەرکرد کە دەبێت ناوی شار بە (سلێمانی) بنوسرێ نەک (سلیمانیە).
3- لەپێناو پاککردنەوەی زمانی کوردی لە پێیقی عەرەبی و تورکی و فارسی ئەو لە پێشکەوتن کەبەکەیەکی راگەیاند بە یەکەم و دووەم و سێیەم خەباتی دانا.(5)
لەبواری نووسینیش، ئەوا سەن لە قۆناعی پێش و پاش جەنگ ئەم نووسینانەی لەبارەی زمانی کوردیەوە بڵاوکردەتەوە:

Kurdish Grammar (Grammar of Kurdmanji of Kurdish language) .1 London 1913.
2. Elemenemtray Kurmanji Grammar (Sulaimania district) 1919
3. A Siuthern Kurdish Fork song in kermanshani dialect، journal of Royal Asiatic soliety 1909 jan. pp 35-51.
(4. Notes on a Kurdish dialect، Sulaimania.(6

گەواهی هەندێ لە توێژەرانی کورد لەبارەی کوردیزانی سەن:
1- موحەممەد زەکی مەزووونووسی کورد لە (خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان) دەنووسێ: "بەقەد کوردێک کوردی ئەزانی و لە عالمێکی کورد زیاتر شارەزای زمانی کوردی بوو".
2- د. کەمال مەزهەری مەزووونووسیش لە (تێگەیشتنی ئاستی) دا دەنووسێ: "کوردی زانینی سەن گەیشتبووە رادەیەک قورئانی پیرۆزی بە باشی وەردەگێڕایە سەر زمانی کوردی".(7)
هەر لەو بارەیەوە جارێکیان سەن بە بەردەمی چایخانەیەکی سلێمانیدا تێدەپەڕێ و دەبینێ زۆرکەس بە قومارەوە خەریکن، یەکسەر وتارێ بەناوی خەیەوە لە (پێشکەوتن) بڵاودەکاتەوە و تێیدا دەڵێ:
"دەڵێم ئەم یاری یانە لەسەر پارە یان چایی بێ یاخود لەسەر هەرچی شتێکی تر بێ قومارە، فەرقێکیان لەنێواندا نی یە، لە قورئانی

پیرەزدا بەژراوە: (یسئلونک عن الخمر والمیسر قل فیهما اثم کبیر ومنافع للناس وإثمهما أکبر من نفعهما) یەعنی (لەتە دەپرسن لە مەی و قومار بڵێ لەو دوانەدا زیانی گەورە و قازانج هەیە، بەڵام زیانیان زۆرترە لە قازانجیان)، دیسان قورئان دەفەرموێت: (إنما یرید الشیطان أن یوقع بینکم العداوة والبغضاء فی الخمر والمیسر ویصدکم عن ذکر الله وعن الصلوات) یەعنی (جگە لەمە نی یە کە شەیتان دەیەوێ لەناوتانا دوژمنی و رق بخاتەوە بەمەی و قومار تەوە بەهەڵستەوە لە زکری خوا و لە نوێژ).”(8)
ئەم وتانە سەن مەبەستی بوبە لاوی کورد لەزیانی قومار و مەی ئاگادار بکاتەوە، بەڵکو ئەو وەک دەوڵەتەکەی دووفاقیەتی بکار دەهێنا، ئاگەرنا ئەو لایەک باسی زیانی قومار و مەی دەکا، لایەکی تر هەر لەناو سلەمانی لە بیستەکان بەسمی (تیاترخانە)ی کردەتەوە. شێخ لەتیف لە یاداشتەکانی دا دەنووسە: “سەن زەر ڕوشت نزم بوو، بەهەر لایەکدا بەیشتایە سە ئافرەتی هەوشت نزمی لەگەڵ خەیدا دەبرد و جوانترین جلوبەرگی لەبەر دەکردن، تیاترخانەیەکی گشتی کردەوە بە ئەوەی ڕوشتی خەڵکی پە بەنەتە خوارە”.(9)
واچاکە ئەستاش ئاگاداری ئەو هەڵەتی بەدەوشت کردنەی کوردستان بین کە بەرنامەی دوژمنانە.

3- ئەحمەد خواجەی مێژوونووس لە (چیم دی) دا دەنووسە: “پیاوەکی سیاسی، زیرەک، لە فارسی و کوردی زمان زان، ئارەزووی بەرزکردنەوەی زمانی کوردی ئەکرد، چەند نووسراوەکی دەست نووسی زەر بەنرخی خەی بەکوردی بەجە هەشت لەزمانی کوردی بەزەر شەوە و لە هەورامی و فارسی زەر شارەزابوو”.(10)
4- عەلی بابیر ئاغا، وەک خەی دەڵێ بە کاتب لای میجەرسەن لە سلەمانی دامەزراوە. ڕۆژکیان مەجەرسەن بە عەلی کەمال دەڵێ: دەزانی من کوردی و فارسی لەتە باشتر دەزانم؟ عەلی کەمال دەڵێ: “سەن پەی وتم: من پارچە شیعرەکی فارسیت دەدەمە بەم بکە بە کوردی. گەر بە هەڵە وەرت نەگەڕایە سەر زمانی کوردی ئەوە من ئەم قاپووتە نایابەی خەمت لەگەڵە بیست هوپیە پەشکەش دەکەم، خە ئاگەر نەتتوانی کارەکە ئەنجام بدەیت یان هەڵەت تیاکرد، دەبە تە گەواهی بە من بدەیت کە لەو بوارەدا لەتە زاناترم”.

عەلی کەمال ڕەشنبیرەکی دیاری سەردەمی خەی بوو، کوردی و فارسی زەر بەباشی دەزانی، بەیە بە سەمینەوە بە بەریکانە یە رازی دەبە و شیعرەکە بە ڕۆژی پاشتر بە کوردی وەردەگەڕێ و دەیداتە سەن، سەن لە وەڵامدا دەڵێ عەلی ئەفەندی دەڵاندت، عەلی کەمالیش سەرسام دەبە

چونکە ئەو هەموو بەهرەو توانای خۆی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی بڕیکانیەکە ببات‌ەوە. سەن دەڵێت: "من دەستخۆشیت لە دەکەم شیعرەکەت زۆر بەجوانی وەرگێڕاوەتە سەر شێوەی کوردی، بەڵام لەکۆتاییدا نووسیوتە: (ساحێبی)، ئەم هەڵبەستە (سەعدی شیرازی)یە. ئەم زاراوەیە (ساحێب) کوردی نییە عەرەبییە، دەبوایە تە لەباتی ئەوە بتنووسیایە (خاوەن) یان (خاوەنی)، ئەمە کوردیەکی ڕەسەنی شێوەی سلێمانییە".
کە ئەمانەم بیست هەر بەپێوە وشک بووم، دوای تاوێک سەرسامی دەستم لە گەردنی خەم داو وتم ئەشهەدو تە کوردی لەمن باشتر دەزانی و تە براوە و من دەڵام". (11)

قەناغی دوای مەجەرسەن و ڕۆژنامەگەری کوردی

لەپاش هەڵاتنی مەجەرسەنی حاکمی موتەقی سلێمانی، هەرچەندە هەندە نووسەرو فەرمانبەری ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) لەگەڵە مەجەرسەن چوون بە کەرکوک، هەروەها مەجەرسەن پیلەکی چاپخانەکەی دەرهێنا، بەڵام ئەو چاپخانەیە ڕەڵەکی زۆر گرنگی بینیوە لە ڕووتی ڕۆژنامەگەری کوردیدا بەجۆرێ حکومەتی کوردی سێ ڕۆژنامەی زمانحاڵی خۆی بەو چاپخانەیە چاپکردوەو بابەتەکانی ئەو ڕۆژنامانە بەشێک لەمێژووی سیاسی و کەلتووری ئەمە دەنوێنن.

لە سلێمانی ڕێکخراوێکی سیاسی هەبوو ناوی (جەمعیەتی کوردستان) بوو، مستەفا پاشا یامولکی لە تەموزی 1922 سەرکی ئەو کەمەڵەیە بوو. هەرکە مەجەرسەن لە ئەیلولی 1922 سلێمانی بەجێهێشت و شێخ مەحمود حکومەتێکی کوردی دامەزراند، مستەفاپاشا یامولکی ئیمتیازی ڕۆژنامەیەکی بەناوی (بانگی کوردستان) وەک زمانحاڵی کەمەڵەکەی وەرگرت و خەیشی بووە بەڵوبەری بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکە.

یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی بانگی کوردستان لە 2/8/1922 هەتا 3/11/1922 سێزدە ژمارەی لێدەرچوو، ماوەیەک لەجیاتی ئەم ڕۆژنامەیە، شێخ نوری شێخ ساڵحی شاعیر، ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان)ی وەک زمانحاڵی حکومەتی دووەمی کوردستان دەرکردوو. یەکەم ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیە لە 15/11/1922 دەرچوو، دواژمارەش (ژمارە 15) لە 3/3/1923 درچوو.
لەپاشان (ڕۆژی کوردستان) چیتر دەرنەچوو، بەڵام موستەفا پاشای یامولکی ژمارەی (14)ی بانگی کوردستانی دەرکردوو. هەر مستەفا پاشا سێ ژمارەی تری (بانگی کوردستان) ی لە بەغدا دەرکردوو.
لەپاش ئەوەی حکومەتی دووەمی شێخ مەحمود لەسلێمانی دەڕوخێ، شێخ

ناچار دەبێ بچێتە شاخ، لەو رۆژنامەی (بانگی هەق) وەک یەکەم رۆژنامەی شاخ دەردەکات. یەکەم ژمارەی (بانگ هەق) یاخود (بانگی هەق) لە 28/مارتی 1923 دەرچووە، لەبەر ئەوەی ئەم رۆژنامەیە زمانحاڵی ئەردوی کوردستان بووە، بۆیە ئەو ژمارەیە تەنیا یەک وتار بووەو ئەویش بریتی بووە لە چەند هەواڵە و ئاگادارییەک بە هەزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان.
گرنگە کورتە ئاماژەیەک بە ئەو ژمارەیەی (بانگی هەق) بکەین. ئەو ژمارەیە تژی بووە لە چەندەها ئایەتی قورئانی وەک (انما المؤمنون إخوة) و (ولا تحزن ان الله معنا) و (ومالنصر الا من عند الله). ئەم رۆژنامەیە تەنیا دوو ژمارەی سەربەخۆی لێدەرچووە، دواژمارەی (کە هەندێ بە ژمارە سێی دادەنێن) لە 12/4/1923 دەرچووە. هەرچی ژمارە دووە، چاپ نەکراوەو لەهیچ شوێنێ بەاو نەکراوەتەوە.

جارێکی تر کە شێخ مەحمود توانی بێتەوە سلێمانی، رۆناکبیرانی ئەوسا وەک رەفیق حیلمی، ئەحمەد خواجە، ئەحمەد هەبری، حسێن کازم سەرقاڵی دەرکردنی رۆژنامەیەکی تر بوون.
رەفیق حیلمی خۆی دەنووسێ: "دوای هاتنەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی (بانگی کوردستان) بۆیەکی تر بەاوکرایەوە. ئینجا لەجێی ئەو رۆژنامەی (ئومێدی ئیستقلال) هاتە بەاوکردنەوە.". لەو ماوەیەدا تەنیا ژمارە (14)ی بانگی کوردستان بەاوکراوەتەوە. مستەفا یامولکی بێتەنیا لە 8/6/1923 دەریکردووە.

ئومێدی ئیستقلال دوا رۆژنامەی زمان حاڵی حکومەتکانی شێخ مەحمود بووە. ئەو رۆژنامەیە (25) ژمارەی لێدەرچووە، ژمارەی یەکەمی لە 20/9/1923 بووە، دوا ژمارەشی لە 25/5/1924 بووە.
ئەو پێنج رۆژنامەیە (پێشکەوتن، بانگی کوردستان، رۆژی کوردستان، بانگی هەق، ئومێدی ئیستقلال)، وەرچەرخانێکی گرنگیان لەمێژووی شاری سلێمانیدا بەرپاکرد. لێدوای ئەو رۆژنامانە چەندەها رۆژنامەی تر وەک (ژیانەوە)، (ژیان) و (ژین) لە بیستەکانی سەدەی بیستەم دەرچوون. هەر ئەو رۆژنامانەش وای لە نوسەرانی سلێمانی کرد کە شارەکەی خۆیان بە پایتەختی رۆناکبیری بزانن.
لەکۆتاییدا، ئاگەر مەجەرسەن بە چەندەها مەبەست و ئامانجی سیاسی چاپخانەی هێنایە سلێمانی و یەکەم رۆژنامەی کوردی لەو شارە دەرکرد، ئەوە ئەو کارەی ئەو بە بەرژەوەندی ژیانی رۆژنامەڤانیی کوردی تەواو بوو.

بەراوردی رۆژنامەی کوردستان دەگەڵ رۆژنامەی پێشکەوتن

لە نێوان هەردوو ڕۆژنامەکەدا 22 ساڵ هەیە ، بەڵام جیاوازیەکی بنەڕەتی هەیە. ڕاستە ڕۆژنامەی کوردستان ڕۆژنامەی ئۆپۆزسیۆنی دەوڵەتی عوسمانی بوو ، بەڵام ڕۆژنامەکە ڕۆژنامەیەکی ڕادیکال نەبوو ، بەڵکو ڕۆژنامەیەکی ڕیفۆرمی بوو. نەیدەویست لە دەوڵەتی عوسمانی جیا ببێتەوە هەتا پاش چەند ژمارەیەك میقداد بەدرخان لە ڕۆژنامەکە نەما، گەڕایەوە دەوڵەت ، وەك دکتۆر فەرهاد پیربا ێیش دەڵێت : عەبدولرەحمان بدرخان ڕۆژنامەکەی گرتەئەستۆ ، خودی عەبدولرەحمان بدرخان خۆی وەك عەبدوڵڵا جەودەت ئەندامی بزووتنەوەی تورکە لاوەکان بوو !
ڕۆژنامەی کوردستان ڕۆژنامەی سەدەی نۆزدەهەم بوو ، لە ڕووی ئەتەکیەتی ڕۆژنامەییەوە ڕۆژنامەیەکی تەواو هونەری نەبوو هەروەها لە ڕووی ڕادیکالیەوە وەك ڕۆژنامەی عوسمانی شەریف پاشا نەبوو.
لێرەدا هەوشی دەربەدەری و کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم لە بەر چاو بگرین ، چونکە دوو فاکتەرە دەوریان هەبوو لە سەر شوناسی ڕۆژنامەکە. هەر ئەو دوو فاکتەرەش دەوریان هەبوو لە سەر بەردەوام نەبوونی ڕۆژنامەکە.
لە کۆتاییەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی ، سۆن و شوکری فەزلی لە بەغدا لە ساڵی 1918 ڕۆژنامەیەکیان بەناوی " تێگەیشتنی ڕاستی " لە بەغدا بە کوردی دەرکرد. لە دوای ڕووخاندنی حوکمداری شێخ مەحموود ، مەجەر سۆن بووە حاکمی سلێمانی و یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە سلێمانی بەناوی پێشکەوتن یا پێشکەوتنی سلێمانی دەرکرد .

ئامانجی ڕۆژنامەکە بۆ دوورخستنەوەی لایەنگرانی شێخ مەحموود و دەوڵەتی عوسمانی بوو لە دژی کوردی . مەجەر سۆن دەیویست ناسیونالیزمێکی مەدەنی لە پیاوماقوون و ڕۆشنبیرانی کورد لە ژێر سایەی حوکمڕانی ئینگلیز پێکبێنێت.
ڕاستە مەجەر سۆن هەموو شتێکی لە پێناو ئینگلیز کرد و دەیویست کوردانێکی گوێڕایەڵ بۆ ئینگلیز بنیات بنێ و شێخ مەحموودێکی ئینگلیز دڵست لە ڕۆشنبیرانی کورد دروست بکات.
دەتوانم بڵێم لە ڕووی کۆنتێکستی جیوگرافی و ناوەڕۆکەوە ، ڕۆژنامەی پێشکەوتن زیاتر کوردستانی بوو، بەڵام ڕۆژنامەی کوردستان ڕۆژنامەی دیاسپۆرای کورد بوو .